

گەشتێکی ڕۆژنامەڤانی بۆ کوردستان ساڵی 1975

# لە نۆروێژەوە
# بۆ کوردستان

ئامادەکردنی : بەدرەددین ساڵح

گەشتێکی رۆژنامەڤانی بۆ کوردستان ساڵی 1975

# لە نۆروێژەوە بۆ کوردستان

ئامادەکردنی : بەدرەددین ساڵح

# له نۆروێژەوە بۆ کوردستان

چاپی یەکەم
2718 ـی کوردی ـ 2018 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر ـ باشووری کوردستان
لە بڵاوکراوەکانی: تۆڕی میدیایی ڕووداو
مافی چاپکردنەوەو لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداو
ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (229 ساڵی 2017) ی بۆ تەرخانکراوە .
چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر

## ئەم بەرهەمە پێشکەش دەکەم بە:

- ئۆقیانووســی قەناعەت و نیشــتمانپەروەری (**باوکم**)، کە هەموو تەمەنی خۆی بەبێ بەرانبەر، لە ناخۆشی و دەربەدەری و پێشمەرگایەتیدا بەڕێکرد.
- **دایکم** کە بەقەد هەموو کاکێشانەکان میهرەبان و دڵسۆز و لەنەبوونی باوکیشماندا، بەتوانەوەی خۆی رووناکی بەوجوودمان بەخشیوە.
- هەموو مرۆڤێکی کورد کە نیشتمانپەروەری و راستگۆیی لەقوتابخانە و عەدالەتی **بارزانی** نەمردا فێربووە.
- جگەرگۆشەکانم **ڤینا و نالی**.

# رۆشنایيەک بۆ سەر ئەم کتێبە

بەدرەددین ساڵح

2017-01-10 / هەولێر

کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە کە مێژووەکەی زۆرترین کارەسات و رووداوی تێدایە و کەمترین بەڵگە و دیکۆمێنت بۆ ساخکردنەوە و نووسینەوەی رووداو و مێژووەکەی وەک خۆی لەبەردەستن.

مێژووی کورد تائێستا وا هەڵنەکەوتووە لەلایەن مێژوونووسی کورد یاخود مێژوونووسانەوە بەشێوەیەکی زانستی و مێژوویی تۆماربکرێت و بنووسرێتەوە.

راستییەکەی ئەوە یەکێکە لەوانەی مێژوو و بەڵگەیان لەسەر کورد لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە و چەند دەستەیەکن.

- لێکۆڵەر و راپۆرتچی و شارەزا بیانییەکان.
- لێکۆڵەر و راپۆرت چییە ناوخۆییەکان لەگەڵ هەندێک مێژوودۆست.

لێکۆڵەر و راپۆرتچی و شارەزا بیانییەکان، لەو بەرپرس و پلەدار و جاسووس و چاوساخ و بازرگان و سەربازە بیانیانە پێکهاتوون کە لەکاتی روودانی شەڕ و گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکان رێگەیان کەوتووەتە کوردستان یان بۆ ئامادەکردنی زانیاری سەربازی و چاوساخی بەکوردستاندا گوزەریان کردووە.

خوا هەڵناگرێ هەندێکیان زانیاری زۆر ورد و بەکەلک و گرنگیان دەستکەوتووە و دواتر بەکەلکی ساخکردنەوەی هەندێک مێژووی کورد هاتوون.

هەر لەم بەشەدا دەبێت ئەو راستییەش بڵێین کە کوردستان لەژێر پێداگیرکاران و بەپارچە پارچەبووندا زۆرترین زیانی مێژوویی بەر هەموو بەشەکانی کەوتووە، بەجۆرێک کە لەم خاکەی پێیدەگوترێ کوردستان زۆرترین وێرانکاری و تاڵانکاری و دەستدرێژی کراوەتەسەر، کولتوور و شارستانییەت و هونەرەکەی و هەوڵی زۆر دراوە کوردستان و نەتەوەکەی لەداهاتوویاندا هیچ سەروەری و مێژوویەکیان نەمێنێت کە بۆ شانازی پێوەکردن و پێناسەی نەتەوەیی بەکەلک بێت.

دەتوانین دەیان نموونەی زانستی بۆ ئەم قسەیەمان بێنینەوە کە هەوڵدراوە نەخشی سەر بەرد و مەزارگە و پرد و قەڵا و زانا و دانا و بەرهەمەکانیشیان لەناو ببرێن و بەتاڵان ببرێن.

ئێستا ئێمە لەزۆر بواردا ناچارین پەنا بۆ ئەرشیڤخانە و مۆزەخانەی ئەو وڵات و نەتەوانە ببەین کە خۆیان تاڵانچی وڵاتمان و کولتوور و مێژووی ئێمەیان وێرانکردووە و دزیوە.

## لێکۆڵەر و راپۆرت چییە ناوخۆییەکان لەگەڵ هەندێک مێژوودۆست

ئەم دەستەیە دەکرێت دابەشبکەین بەسەر چەند جۆرێکیاندا.

- ئەو کوردانەی وەک وەرگێڕ و دیلمانج لەگەڵ داگیرکار و دوژمن کاریانکردووە.
- ئەوانەی کەواسووری بەر لەشکری داگیرکار بوون یان لە کۆشک و تەلاری داگیرکاران راوێژکار و رێنیشاندەر و پیلاندارێژبوون بۆ دوژمن دژی نەتەوەی خۆیان.
- ئەوانەی لەنێو ئازار و خوێن و چارەرەشیدا توانیویانە خزمەت بەکولتوور و مێژووی وڵاتەکەمان بکەن. هەرچەند کەم و بچوکیش بێت.

دەبێت مرۆڤایەتی ئەو راستییە بزانێت کە داگیرکاری وڵاتی کوردان وەک پیشەی داگیرکاری هەوڵیانداوە نەخشەی خۆڕسک و دەستکردی سەر بەرد و ئەشکەوتەکانیشمان بسڕنەوە. هەوڵیانداوە پرد و قەڵا و شوێنەوارە مێژوویی و ئایینییەکانمان و پەرستگاکانی خواوەندەکانیشمان وێران بکەن. دەستنووس و کتێبەکانیان سووتاندین و زانا و ژیرمەندەکانیان لێکوشتووین و لەکاتی پێویست خەرمان و باخ و رەزەکانمان، دارستانەکانیان لێسوتاندووین. دەبێت مرۆڤایەتی بزانێت کە دوژمن باڵدارە کێوییەکانیان لێکوشتووین و ماڵییەکانیشیان لێ بەتاڵان بردووین.

بۆیە ئەگەر ئێستا ئاشقانە لەهەر ناوەند و زانستگە و ئەرشیڤخانەیەک بەدوای نیو لاپەڕەی سووتاوی مێژوومان بەدوای لەتە بەرد و نیشانەیەکی شارستانییەتیماندا وێڵین تکایە وەک مرۆڤ هاوکاریمان بکەن.

ئەم بەرهەمەی بەردەستتان، بەرهەمی سەفەرێکی زیاتر لە پێنج هەزار کیلۆمەتری رۆژنامەنووسی ناسراوی نۆرویژی (ئێگیل ئولاتی)یە و وێنەگر (ئالآن ئیڤارسن) کە ساڵی 1975 چەند هەفتەیەک پێش نسکۆی شۆڕشی کورد، لە نۆرویژەوە هاتوونەتە کوردستان و ماوەی چەند رۆژێک لەناوچەی دەسەڵات و سەنگەرەکانی بەرگری هێزی پێشمەرگە دژی سوپای داگیرکاری رژێمی ئەو کاتە فیلم و راپۆرت و وێنەیان هەڵگرتووە.

ئەم رۆژنامەنووسە نۆرویژییە لەراپۆرتەکەیدا بەوردی باسی مەزڵوومیەتی نەتەوەی کورد و زوڵمی بەردەوامی هەر چوار داگیرکاری زاڵمی وڵاتی کوردان دەکات.

بەبڕوای من گرنگی ئەم فیلم و وێنە و راپۆرتە لەچەند خاڵێکدایە :

- لەگەرمەی خیانەتی نێودەوڵەتی چەند رژێمێکی دەوروبەر، دەنگی مەزڵومییەتی کوردیان بەمیدیای نۆرویژی و بەرێگەی میدیای نۆرویژی بەدونیا گەیاندووە.
- یەکێک لەناسراوترین رۆژنامەنووس و چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو کاتی وڵاتی نۆرویژ پلاندانەر و ئامادەکاری سەفەر و راپۆرت و فیلمەکە بووە.
- فیلمی دیکۆمێنتاری و راپۆرتی رۆژنامەوانی و وێنەی زیندوو و گرنگیان گرتووە واتە لە 3 بواری جیا راپۆرتەکانیان ئامادەکردووە و بڵاوکردووەتەوە.

بەهۆی هاوڕێ و هاوپیشەم کاک دیاکۆ مورادی، توانیمان ئەم گەنجینەیە بدۆزینەوە و دوای گفتوگۆ لە مەبەستی یەکتر تێگەیشتن، ئەرشیڤەکەم بەپارەیەکی رەمزی لەخاوەنی راستەقینە و ماڵباتی وێنەگرەکە بەمافی خاوەندارێتییەوە کڕیەوە.

خۆشحاڵم کە برای رۆژنامەنووس کاک ئاکۆ بەرپرسی تۆڕی میدیایی رووداو لەگرنگی پێشنیاری من بۆ ساخکردنەوە و بڵاوکردنەوە و چاپکردنی ئەم وێنە و فیلم و راپۆرتە تێگەیشت و زۆر دڵسۆزانە ئەرکی چاپکردنی کتێب و بڵاوکردنەوەی فیلم و وێنەکانی گرتەئەستۆ.



**ریزی یەکەم:** خدر وەسمان– 1926، خوالێخۆشبووان: ساڵح ئسقێلی 1890ـ 1975، سابیر حەسەن ئەحمەد قەراسنجی 1924ـ1997، سەعید ساڵح ئسقێلی 1925ـ2009 .
**ریزی دووەم:** خوالێخۆشبووان: حاجی ئیسماعیل ساڵح ئسقێلی 2018ـ 1924، مەحموود ساڵح ئسقێلی 1975ـ 1930 . ئەم وێنەیە لەساڵی 1960 گیراوە.






# کورتەیەک لە مێژووی نەتەوەی کورد و کوردستان

حامید گەوهەری

کورد بە نەتەوەیەکی دێرینی میزۆپۆتامیا دەڵێن و کوردستانیش بەو وڵاتە کە هەزاران ساڵ بەر لە زایین، کورد لێی نیشتەجێن. ئەم وڵاتە دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریادا و بەشێک لە خاکەکەشی کەوتووەتە وڵاتی ئەرمەنستان کە پێشتر سەر بە رووسیا و یەکێتی سۆڤیەت بوو. لەبەرئەوە هێڵی سنوورەکانی کوردستان لەگەڵ هیچ کام لە وڵاتەکانی جیەان یەکناگرێتەوە. ئەم سنوورە بەگشتی لە باکوورەوە بە یەریڤان، ئەرزەرۆم و ئەرزنجاندا تێدەپەڕێ و لە مەرعەشەوە روو لە حەڵەب دەکات. لە باشووری رۆژئاوایدا بە بناری چیاکاندا دەچێتە پێشەوە و دەگاتە رووباری دیجلە و لەوێشەوە، شان بە شانی رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە دەچێتە خوارێ . هەندێک باکوورتر، بە هێڵی کێوە سوور"جبل حمرین"دا روو لە ناوچەیەکی سنووریی ئێران و عێراق لە نزیک مەندەلی دەکات. لە رۆژهەڵات، واتە لە ئێران سنووری کورد بەرەو باشووری رۆژهەڵات لە یەریڤانەوە دەستپێدەکات و هەرێمەکانی ماکۆ، بەشێک لە خۆی، ورمێ، مەهاباد "سابڵاخ"، سەقز و سنە تاوەکو کرماشان لەخۆدەگرێت. جادەی ئەسڵی کرماشان بۆ کرێند و لەوێوە بە هێڵێکی رێکدا تاوەکو مەندەلی، ناوچەیەکە کورد لە خزمە لوڕەکانیان جیادەکاتەوە کە ئەوانیش لە ریشەدا بە کورد دەژمێردرێن. دیارە دانیشتووانی کوردستان کە بەوجۆرە باسیان لێکرا، هەموویان کورد نین. بۆ نموونە، بەر لە ساڵی 1914 ژمارەیەکی زۆر ئەرمەن لە ناوچەی جێگرتوو لە هێڵی 38پلەدا دەژیان و کۆمەڵێکی زۆریش مەسیحی نەستووری کە لە ئینگلتەرا بە ئاشووری دەناسرێن لە پارێزگای جۆلەمێرگ (هەکاری) و هەرێمی دراوسێی ئەو، لە ورمێ دەژیان. ئەوانەی ژێردەستی تورکیا، بە تەواوی بێسەروشوێن کران، بەڵام چەند هەزار ئاشوورییەک لە ناوچەی ئامێدی لە کوردستان ماون [1].

لە زنجیرە شارۆچکەیەکی نێوان جادەی بەغدا و موسڵیش، کۆمەڵێک تورکمان جێگیرن: لە

1- من خۆم لە نزیکەوە سەردانی ئەو کۆمەڵە ئاشوورییانەم لە ناوچەی ئاکرێ، لە دەشتی نەهلە و گوندەکانی .... و کرد. ئێستا لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی کورد لە هەرێمی باشوری کوردستاندا، ئەوانە بە داب و نەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتی خۆیان دەژین، لە پلەی نەتەوەیەک، ئاڵای خۆیان هەیە، خۆیان خۆیان بەڕێوەدەبەن و منداڵەکانیان بە زمانی دایکیان دەخوێنن.


قەرەتەپە، کفری، دووز خوورماتوو، تۆق کە پێشتر ناوی "تاوغ- تۆوغ" بووە، کەرکووک، پردێ، هەولێر و ئەوبەری موسڵ لە تەلەعفەر، بەڵام کورد بەگشتی زۆربەی هەرەزۆری دانیشتووانی ناوچەکەیان پێکهێناوە. لەلایەکی دیکەوە ، جەماوەرێکی زۆری کورد لە دەرەوەی سنووری کوردستان دەژین. بۆ نموونە، لە رۆژئاوای ئەم ناوچەیە لە دیمەشق، لە ناوچەی حەڵەب، تاوەکو دەگاتە ئەنقەرە، لە رۆژهەڵات، لە قەزوێن، خۆراسان و کرمان و تاران. لەم جەماوەرە سەرنجراکێشتر ئەوەیە کە لە هەموو چیاکانی شنگال، لە رۆژئاوای دیجلە لە هەرێمی موسڵ، زۆربەیان کوردی ئێزدی، شەبک و کاکەیین، لەگەڵ کەمینەیەکی موسڵمان کە لایەنگری لە ئایینی گشتی ناکەن.

سیسیل جۆن ئیدمۆندس لە کتێبی "کورد تورک عەرەب"دا، بەپێی سەرژمێری ساڵی 1947، ژمارەی بۆ کوردانی ژێردەستی عێراق کردووە و دەڵێ زیاتر لە 900 هەزار کەسن. لە تورکیا و ئێران، سەرژمێرییەکی وەک ئەوەش بەدەست نییە. کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی گەلان کە بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت کێشەی نێوان بەریتانیا و تورکیا لەسەر ویلایەتی موسڵ، ساڵی 1925 هاتبووە عێراق، ژمارەی کوردانی بەوشێوەیە، مەزندە کرد: تورکیا 1،500،000 ، ئێران 700،000، عێراق 500،000 و سووریا و شوێنەکانی دیکە 300،000 کەس کە بەگشتی دەبێتە 3،000،000 کەس. ژمارەی کوردانی سەر بە عێراقیان زۆر کەمتر لە ژمارەی دروست بەراورد کردبوو، بەڵام دەبێ بەشێک لەو ناکۆکییە بە زیادبوونی سرووشتیی نفووس دابنرێت کە لە ماوەی 90 ساڵی دواییدا بەسەر هەموو ئەو هەرێمەدا هاتووە. ئەو راپەرینە خۆرسک و بە بەرنامانەی دوای هێرشی بەریتانیا و رووسیا کە لەپاییزی 1941، لە ئێران روویاندا و ئەو لاوازییەی کە لە ئاکامیدا بەسەر دەزگا حکومییەکاندا هات، سەلماندیان کە کوردانی سەر بە ئێران، ئێستاش وەک هەمیشە بەهێز و توانان[2] .

کورد لە قۆناخی پێش شەڕی یەکەمی جیهانییدا، بە تەواوی لە شار و گوندەکاندا نیشتەجێنەبووە و دوای شەڕیش هەرچەندە گوندێکی زۆر لە کوردستاندا سازکرابوون، بەڵام بەشێک لە دانیشتووانی کوردستان بەپێی پێویستییەکانی ژیانی ئاژەڵداری، ناچاربوون روو لە ژیانی کۆچەری بکەن و چەند مانگێکی ساڵ لە کوێستانەکاندا بژین. رۆژهەڵاتناسی رووس "مینۆرسکی" لە "دائیرەتولمعارفی ئیسلامیی" ساڵی 1925دا دەڵێت: "ژمارەی کورد لە کوردستانی ئێران نیو ملیۆن و لە کوردستانی تورکیا یەک ملیۆن و نیوە[3]" . بەپێی سەرژمێریی ساڵی 23 – 1924 لە عێراق، ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای موسڵ 494،007 کەس بووە. لەو ژمارەیە 189،000 کەسیان لە ناوچەی سلێمانی و 170،650 کەسیشیان لە ناوچەی هەولێر بوون. ژمارەی دانیشتووانی کوردستان لە سەردەمی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە مەهاباددا، نزیکەی نۆ ملیۆن کەس[4] بووە کە لە رووبەری 543 هەزار کیلومەتری چوارگۆشەی کوردستاندا ژیاون. رۆژنامەی کوردستان لە وتاری "کوردان از بدو تاریخ تا سال 1920"، جۆری دابەشبوونی ئەو نۆ ملیۆن کوردە روونەکاتەوە و دەنووسێت: "لە تورکیا سێ ملیۆن و نۆسەد و هەشتاوحەوت هەزار و نۆسەد و شەست 3،987،960 کورد، لە ئێران سێ ملیۆن و سێسەد هەزار 3،300،000 ، لە عێراق حەوت سەد و چل و نۆ هەزار و سێسەد و هەشتا 749،380، لە سووریا دوو سەد و هەشتاو نۆ هەزار و نۆسەد و چل 289،940 و لە کۆماری ئەرمەنستان و وڵاتانی دیکە شەش سەد و حەفتاو و دوو هەزار و حەوسەد و بیست 672،720 کورد دەژین[5]" .

بەگوێرە راپۆرتی ژمارەیەک پسپۆڕی بواری زانستی و رێکخراوی سیاسی و مەدەنی لە کوردستاندا، ئەمڕۆ، ژمارەی کورد لە جیهاندا نزیکەی 42،500،000 کە بۆ کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کوردی ژێردەستی "ئێران"، دوازدە ملیۆن. کوردانی باکوور، کوردی ژێردەستی "تورکیا"، کە رژێمی تورکیا تاوەکو ساڵی 1990، بە "تورکی کێوی" ناوی دەبردن و نەیدەویست ئەو راستییە بسەلمێنێت کە کورد لە رەگەزێکی جیاوازن بە هەژدە ملیۆن، کوردانی باشوور "عێراق" حەوت ملیۆن و کوردی رۆژئاوا " سووریا" نزیکەی دوو ملیۆن و نیو ، کوردی شوێنەکانی دیکە دوو ملیۆن کە بەگشتی، ژمارەی کورد دەبێتە چل و دوو ملیۆن و نیو.

کورد دەربارەی بنەچە و ئەژدادی خۆیان دوو داستان دەگێڕنەوە. یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ




2- سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورک عەرەب، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، لاپەڕەکانی 20 و 21.

3- ساڵنامەی ئاماریی ساڵی 1951ی ناوەندی ئاماری ئەنقەرە، لە ژمارەی 120ی گۆڤاری جوگرافیایی، لاپەڕەی 347، رۆژی 3ی سێپتێمبەری 1954 دا لە تورکیا راگەیاند: ژمارەی ئەو کەسانەی زمانیان کوردییە (1،476،562) کەسن.

4- گۆڤاری نیشتمان ژمارەی 5، لاپەڕەی 3، رێبەندانی 1322.

5- رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە 23، لاپەڕەی 3، ساڵی 1946.

ئەفسانەیەکی مێژوویی کە دەڵێت: کەسێک بە ناوی زووحاک بۆ ماوەیەک تەختی سەڵتەنەتی داگیرکردووە. لەسەر شانەکانی ئەو زووحاکە دوو مار رووابوون کە خۆراکی رۆژانەی هەر کامەیان مێشکی مرۆڤێک بووە. وەزیری خاوەن بیری زووحاک بیری لەوە کردەوە کە مێشکی مرۆڤ لەگەڵ مێشکی گوێلک تێکەڵ بکات و بیداتە مارەکان. بەوجۆرە، ئەو توانی گیانی یەکێک لەو دووانە رزگار بکات کە دەبووایە رۆژانە بکرێنە قوربانی. ئەو، رزگارکراوەکانی بە نهێنی دەنارده چیاکان و سەرئەنجام کورد لە تۆرەمەی ئەوانن.

داستانی دووەم دەگەڕێتەوە سەر سلێمان پێغەمبەر. لەکۆندا، خەڵکی رۆژهەڵاتی جیهان، لەو باوەڕەدابوو کە سلێمان پێغەمبەر حوکمی بەسەر بوونەوەری سەیر و سەمەرەی وەک: جن و دێوەزمە و پەری و شتی دیکەی وەک ئەوانە کردووە و ئەوان لەژێر فەرمانی سلێماندا بوون. بە وتەی کورد، رۆژێک شا سلێمان فەرمانیدا بە 500 دێوی جێ باوەڕ کە بە تەندوورلێدان بچن بۆ ئەوروپا و 500 کچی جوانی ئەو مەڵبەندە بۆ حەرامسەراکەی بێنن. دێوەکان چوون، بەڵام لە گەڕانەوەدا، بینیان گەورەکەیان مردووە و لە ئاکامدا، ئەوان کچەکانیان بۆخۆیان راگرت و بەهۆی ئەوانەوە بوونە نژادی کورد. لوڕەکانیش ئەم داستانە بۆ بنەچەی خۆیان دەگێڕنەوە.

کاتێک دەگەڕێینەوە سەر مێژوویەکی جددیتری کورد، دەبینین لێکۆلینڤانەکان، سەبارەت تۆرەمە و بنەچەی کورد باس و گفتوگۆیەکی زۆریان هەیە، بەڵام بەڵگە بەدەستهاتووەکان لە ئیمپڕاتۆرە مەزن و شارستانییەتەکانی پێگرتوو لە دەشتەکاندا، واتە ئیمپراتۆری سۆمەر لە نزیکی کەنداوی فارس، بابل لە بەشی ناوەندیی فورات نزیکی دیجلە و ئاشوور کە پایتەختەکەی نەینەوا بووە لە دیجلە لە رووبەڕووی موسڵ، هەموویان بە چڕی باسی تاڵانکاری تیرە چیانشینەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکەن و راپۆرتی لەشکر کێشانەکانی دژ بەو تیرانە رووندەکەنەوە کە وڵاتەکەیان، سنووری ئەو ئیمپراتۆرانەیان لە باکووری رۆژهەڵات و رۆژهەڵات پێکهێناوە.

لە هەزارەی دووەمی پێش زایین، بنەماڵەی چەند شایەک لە "بین النهرین" حکومەتیان کردووە. ئەوان ژمارەیەک ناوی وەک "سانسکریت"یان هەبووە کە ئەو ناوانە بەلانیکەمەوە، باس لە بوونی هیند و ئاریایی لە چینی سەرووی کۆمەڵ دەکەن، دوای ئەوە، زنجیرەیەکی دیکە لە بنەماڵەی هیند و ئەوروپایی هاتنە دەشت و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس کە ئێرانییەکانن، واتە مادەکان و پارسەکان. ژمارەیەک لێکۆلینڤان لەو باوەڕەدان کە پارسەکان بەر لە مادەکان و لە سەدەی دوازدەی پێش زاییندا هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و بەر لە کۆچیان بۆ فارس، سێ سەدە یان زیاتر لێرە بوون. ئەوانە ناوی خۆیان داوە بە "پارسواش"، یان ئەو ناوەیان لەو وەرگرتووە. ناوی پارسواش بۆ یەکەمجار لە مێژووی بەسەرهاتەکانی سەڵتەنەتی سەلمانسەری سێیەم پاشای ئاشوور بۆ ساڵەکانی 832 و 829 و 828 پ. ز دا ناسراوە و لەوەدەچێ لەگەڵ ناوچەیەک یەکبگرێتەوە کە ئەمڕۆ بە بانە دەناسرێت بەداخەوە مادەکان بە پێچەوانەی سۆمەرییەکان، بابلییەکان، ئاشوورییەکان و پارسەکان، شوێنەوارێکی کۆنیان لێ بەجێنەماوە ، یان ئەگەر بەجێیان هێشتبێت، تائێستا نەدۆزراوەتەوە. لەبەرئەوە، بە شک و گومانەوە، باس لە مێژووی کۆنی ئەوان دەکرێت . دێرێک لە مێژووی بەسەرهاتی سەڵتەنەتی سەلمانسەری سێیەم لە ساڵی 836، وەک یەکەم ئاماژەیە بۆ مادەکان کە لە مێژوودا نووسراوە، بەڵام هەر چۆنێک بێت ، تاوەکو سەدەی هەشتەم هیچ شێوە ناوێکی ئێرانی کە پادشاکانی ماد هەیانبووە، لە نووسراوەکاندا بەرچاو ناکەوێت. دواتر مادەکان کە لە جێیەکی نادیار لە باکووری دەشتەکانی ناوەندیی ئێرانەوە هاتبوون، روویانکردە رۆژئاوا و باشوور و سەرئەنجام لە دەوروبەری ساڵی 650دا خۆیان گەیاندە چیاکانی زاگرۆس و دەستیان بەسەرداگرت[2] . مادەکان و پارسەکان بە رواڵەت سەر بە گرووپەکانی ئەشرافی بوون و حوکمیان بەسەر کۆمەڵێکی تێکەڵاودا کردووە. باسیان لە ریشەدان و لەنێوبردنی دانیشتووانی پێشوو نەدەکرد، بەڵام زمان و دینی خۆیان بە زۆر بەسەر ئەو گرووپانەدا دەسەپاند.

لە ساڵانی 612– 617دا، "کەی ئەخشارشی مەدی"[3] کوڕی "فرائورتش"[4] "خشتە ریتە" بە سەرۆکی گشتی ناسرا. ئەوە لە کاتێکدابوو کە ژمارەی تایفەکانی دیکە لە ماددەکان زیاتربوو. کەی ئەخشارش، ساڵی 612 لەگەڵ بابلییەکان یەکیگرت و نەینەوای وێرانکرد و ئیمپراتۆری ئاشووری لێخست. هەواڵێک دەربارەی بەسەرهات و هەڵسوکەوتەکانی هێزی ماد لە سەردەمی کەی ئەخشارش و ساڵی 550 بە دەستەوە نییە و سنووری دەسەڵاتدراێتی ئەو ناڕوونە. هێرودۆت لە "کتێبی یەکەم، 72 و 74"دا بە راشکاوی دەڵێت: "سنووری رۆژئاوای ئەو رووباری "هالیس"[5] واتە "قزل ئیرماق"[6]ی ئێستا بووە، کە دوای تەواوبوونی شەڕ لەگەڵ "لودیە- لیدی"[7] ، بە ناوبژیکەری فەرمانڕەوایانی بابل- کە ئەوکاتە "حەرانیان بەدەستەوەبوو- و کیلیکییە دیاریکرا بوو) ئاماژە بۆ گیرانی رۆژ لەو سەردەمەدا پێشاندەدات، مێژووی ئەم رووداوە ساڵی 585 بووە. لە باسەکانی پێشوودا سەبارەت مادەکان، باسێک لە ئەکباتانە "هەمەدانی ئەمڕۆ" نەکراوە، بەڵام ئەو شارە لە دواکاتەکانی حکومەتی مادا پایتەخت بووە. لەوبارەوە، سنووری مادەکان بە مەودایەکی زۆر لە رۆژهەڵاتی ئەکباتانە چووبووە پێشەوە و پارسەکانی باشوور، ناوچەی دەسەڵاتدارێتی ئەوانیان بە فەرمی ناسیبوو.

ساڵی 550، یان دەوروبەری، کورووشی پارسی "ئاستیاکس"[8] جێنیشین، یان بە وتەی هێرودۆت، کوڕی کەی ئەخشارشی لە حکومەت خست و دەوڵەتی هەخامەنشی جێنشینی دەسەڵاتدارێتی ماد کرد. لە ساڵی 547، کورووش "کرۆئسوس"[9] ، پادشای لودیە "لیدی" هێنایە ژێر فەرمان و بە فەرمانڕەوایی هەرێمەکانی ناوەندیی و رۆژهەڵاتی ئاسیای بچووک، پاشان هێرشیکردە سەر بابل، سەرەتا سووریا و دواتر لەساڵی 539دا بابلیشی گرت و ئیمپراتۆری هەخامەنشی دامەزراند کە

6- سیدنی سمیت "پارسواش و سندوس لە یادنامەی پرۆفیسۆر پورداود دا".


7- بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە، من لەم باوەڕەدا نیم کە کوردەکان بە ناوی ماد، لە گرووپی چەند کەسیدا هاتبن بۆ ئەو هەرێمە و خۆیان بەسەر خەڵکی هەرێمەکەدا سەپاندبێت. من ڕام وایە، کوردەکان لە پاشماوەی سۆمەرەکانن و لە کۆنەوە لەو وڵاتەدا ژیاون و تەنیا ناویان گۆڕاوە.

8- Cyaxares ئەو ناوەیان بە کەیا کسارس و سیاگزاریش وەرگێڕاوەتەوە. کەی بەرناو بووە، و واتای گەورە، مەزن و شەریفی داوە. وەک: کەی خەسرەو، کەی کوروش و کەی کاوس و کەی قوباد. ئەو بەرناوە لەگەڵ "کا"ی ئێستا یەک دەگرێتەوە، وەک: کا قاسم، کا شەریف و ...تد.

9- Phraortes "فرورتیش"

پایتەختەکەی پیرسیۆلیس لە نزیک شیرازی ئەمڕۆ بوو و، تاوەکو ساڵی 331 دەوامی کرد.

لەو ساڵەدا بوو کە دارای سێیەم لە شەڕی گەورەی هەولێر "ئاربلا"[10] بە دەست ئەسکەندەری مەزن شکا. ئەم شەڕە لە راستیدا لە نزیک گوندی مەسیحینشینی "کەرەم لەیس"[11] روویدا کە لە موسڵ نزیکتربوو تاوەکو هەولێر.[12] بەوجۆرە، کوردستان بووە بەشێک لەو ئیمپراتۆرییانەی کە دوای ئیمپراتۆریی هەخامەنشی بەدەسەڵات گەیشتن: سلوکییەکان 331 تاوەکو 129 پ. ز، ئەشکانییەکان لە 274ی پ ز تاوەکو 226 ز، ساسانییەکان 226 تاوەکو 636 ز، حوکمدارییەتی عەرەبەکان 639 تاوەکو 1526ی ز. سەرئەنجام لە سەدەی شازدەدا سنوورەکانی نێوان ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەوی، تاوەکو رادەیەک جێگیرگرت و سێ لە چواری خاکی کوردستان کەوتە نێو هەرێمی دەسەڵاتدارێتی عوسمانی و یەک لە چواریشی، چووە ژێردەستی ئێران[13].



10 – Halys

11 – Kizil Irmak

12 – Lida

13 – Astyages

هەوڵ بۆ بەشوێن کەوتنی زنجیرە بەسەرهاتی کورد لەنێو مێژووی ئاڵۆز و شێواوی ئاسیای رۆژئاوادا لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەم کتێبە، زۆر یەکناگرێتەوە. هەر ئەوەندە دەبێ بگوترێت کە لە سەدەی حەڤدەیەمی زایینی واتە هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی عەرەبەکان، ناوی کورد وەک رەگەزێک لە ئێرانییەکانی رۆژئاوایی کە لە هەردوو بەری زاگرۆس نیشتەجێبوون و هەروەها بە کۆمەڵێکی ئێرانی بووی دراوسێی ئەو دەگوترا. ئەم گوتنە لەوانەیە رەنگدانەوەیەک بووبێت لە نزیکیی ناوەکان، کە نووسەرانی پێشوو لە چوارچێوەیەکی بەستراوتردا بە کاریان هێناوە، وەک: چیاکانی "گوردوایا"[14]، رێگرەکانی "کورتیوی"[15]، "ئاتروپاتن ماد"[16]، یان ئازەربایجان کە "سترابوو"[17] نزیکەی 64 ساڵ پێش زایین و 20 ساڵ دوای زایین، ئاماژەیان بۆ دەکات و "کاردوخویی"[18] یەکان، کە 400 ساڵ پێش زایین "گەزنفون"[19] و دە هەزار سوارەی یۆنانیان کاتی کشانەوە لە ناوچەی زاگرۆس، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پەلاماردا.

بۆ ماوەیەک جیهانگەڕانی ناشارەزا، فێرببوون بڵێن گوتنی کوردی شتێکی جیا لە زاراوەیەکی سەرلێشێواوی پارسی نییە. ئەم گوتنە راست نییە، ئەو دوو زمانە "پارسی و کوردی" پێوەندییان پێکەوە هەیە، بەڵام لە زۆربەی بابەتە گرنگەکانی وشە و رێزمان و "فۆنۆلۆژی"[20]دا لەگەڵ یەکتر جیاوازن، زمانی کوردی بە پێچەوانەی زمانی پارسی نوێ کە لە گرووپی زمانەکانی ئێرانی باشووری رۆژئاوادا جێیگرتووە، زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی باکووری رۆژئاوایە.

کوردستان وڵاتی چیای بەرز و رێگەی چڕ و دژوارە، سەدان ساڵ بەبێ پسانەوە، هیچ چەشنە یەکگرتنێکی سیاسی نەبووە، کە بتوانێ ئەدەبیاتێکی هاوبەشی پێبدات. لەبەرئەوە، جێگەی سەرسوڕمان نییە کە ئەگەر زاراوەی بەوشێوەی کوردستان لەگەڵ شێوەکانی دیکەی جیاوازبێت، بەڵام ئەو دیاردە بناخەدارانەی کە تایبەتمەندیی زمانی کوردین لە تەواوی زاراوەکانیدا خۆ دەنوێنن. "پرۆفیسۆر مینۆریسکی"[21]، یەکێک لە گەورەترین خاوەن رایانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، رای وایە کە سەرەڕای بڵاوی هۆزە کوردییەکان، دەکرێ تەنیا لەم روانگەیەوە بڕوانییە ئەم پەیوەندییە کە تەواوی زاراوەکانی کوردی لە زمانێکی کۆن و بەهێزەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ئەویش زمانی مادەکان بووە.

بێگومان دەتوانین بەپێی دۆخی جوگرافیایی و زمانناسیی بڵێین: کوردانی ئەمڕۆ نوێنەری

14 – Croesus

15 – Arbela

16 – Karamla

17– Sir. A. Stein لە نووسراوەکانیدا دەربارەی پەڕینەوەی ئەسکەندەر لە دیجلە و شەڕی ئاربلا، گۆڤاری جوگرافی، گۆڤاری سەردەم، ئۆکتۆبەری 1942.

18– رۆژی 1514/8/22 زایینی، دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لە نێوان سوڵتان سەلیمی عوسمانی و شا ئیسماعیلی سەفەوی، کوردستان دابەش کرا. ئەو شەڕە کە لە مێژوودا بە شەڕی چاڵدران دەناسرێت، لە راستیدا شەڕێکی پاوانخوازانە بوو، لە نێوان ئیمپراتۆرەکانی سوننەی تورک و شیعەی ئێرانییدا لە کوردستان و ناوچەی چاڵدران روویداوە و دواتر رەنگی ئایینی پێدرا.

19 – Gorduaia

20 – Kurtioi

21 – Atropatian



مادەکان و سێیەم سەڵتەنەتی گەورەی رۆژهەڵاتن. هەروەکو لە باشوور و باشووری رۆژهەڵات، ئێرانییەکانی ئەمڕۆ نوێنەری پارسەکانی سەڵتەنەتی پێنجەمن. بەو جیاوازییە کە بەو کۆچکردنانەی کە دوایی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا کرا، تۆوی ئێرانیی لەو نێوەدا گیانی گرت. بەشی ناوەندی هەروەک چاوەڕواندەکرا بەرەو رۆژئاوا لایداوە، بە چەشنێک کە ئەمڕۆ هەمەدان کەوتووەتە دەرەوەی سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان. کورد بۆ ماوەی پێنج سەدە، لەژێر موسڵمانەکاندا نەخشی گرنگیان گێڕا و مێژوو باسی ناوی ژمارە بنەماڵەیەکی زۆری کورد دەکات . رەنگە لە گشت ئەوانە ناودارتر، سەلاحەددین ئەیوبی- دەوروبەری ساڵی 1193 زایینی- حەریفە جوامێرەکەی، ریچاردی شێردڵ و خۆبەختکەرانی شەڕی خاچهەڵگران بێت کە کورد دەڵێن ، خەڵکی ناوچەی هەولێر بووە[22] . ئیمپراتۆریی سەلاحەددین پتر ئیمپراتۆرییەکی عەرەبی بوو، بەڵام گرتنی موسڵ بە رواڵەت دەبێ رێگەی بۆ ژمارەیەکی بەرچاوی کورد بۆ ئەم ناوچەیە کردبێتەوە. لە سەردەمی مەغۆلەکان و تورکمانەکاندا، شتێکی زۆر سەبارەت کورد نابیسترێت، بەڵام ئەوان جارێکیتر لە شەڕی نێوان سوڵتانەکانی سەفەوی و عوسمانیدا گرنگبوونەوە.

بەر لەوەی کە هەستی نەتەوەیی لەنێو نەتەوەی کورددا سەرهەڵبدات و سنووری کوردستان هێڵی بە ناودا بکێشرێت، شەڕی چاڵدێران لە نێوان ئیمپراتۆرەکانی سەفەوی و عوسمانییدا، گۆڕانێکی گرنگی مێژوویی لەنێو نەتەوەی کورد و کوردستاندا پێکهێنا. لەو شەڕەدا کە رۆژی 1514/8/23 بە هێرشکردنی لەشکری سوڵتان سەلیمی عوسمانیی بۆ سەر لەشکری شا ئیسماعیل سەفەوی دەستیپێکرد، کوردستان بووە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانی نێوان دەوڵەتانی سوننەی عوسمانی و شیعەی ئێران کە دامەزرێنەرەکەی شا ئیسماعیل سەفەوی بوو.

لەو شەڕەدا، چونکە کورد لەلایەک سوننە بوون و لە لایەکی دیکەوە، شەڕەکە لە ناوچەکانی ئەواندا روویدابوو، زۆربەی سەرۆک خێڵەکانی کورد پشتی عوسمانییەکانیان گرت و لە ئەنجامدا سوڵتان سەلیم توانی لەشکری سەفەوی بشکێنێت . شکانی سەفەوییەکان لە شەڕی چاڵدێراندا، سەرەتای دابەشبوونی خاک و نەتەوەی کورد بوو بەسەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانیدا.

هەوڵ و تێکۆشانی دەوڵەتانی ئێران و عوسمانیی، دوای شەڕی چاڵدێران بۆ دەستەمۆکردنی سەرۆک خێڵەکانی کورد و سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کوردستاندا، بە ئاسانی جێبەجێنەکرا و کورد ئامادە نەبوون خۆیان بەدەستەوە بدەن و دەست لە ژیانی ئازاد و سەربەستی خۆیان هەڵبگرن. لەبەرئەوە، هەردوو دەوڵەت بۆ بەچۆکدادانی خێڵەکان، تووشی زۆر شەڕی دژواری ناوچەیی بوون. لە هەموو ئەو شەڕانە گرنگتر، راپەڕینی "خانی لەپ زێڕینی برادۆست" بوو کە ساڵی 1608 دژی دەسەڵاتداریی شا "عەباسی سەفەویی" لە قەڵای دمدم روویدا. راپەڕینی قەڵای دمدم کە بەیتەکانی

---

22- وڵاتی ئەسڵی بنەماڵەکەی ئەرمەنستان بووە. مینورسکی: لێکۆڵینەوە لە مێژووی قەفقاز، لەندەن 1953، لاپەڕەی 116. دوین لە 23 مایلیی باشووری هەولێرە. رەنگە شوێنی سەردەمی ئاوارەبوونی لەباشووری رۆخی دیجلە بووبێت. سەلاحەدین لە تکریت لە دایک بووە.

لەلایەن "ئۆسکارمان"ی ئەڵمانی لە ناوچەی مەهاباد کۆکراوەتەوە، بەشێوەی بەربڵاو و یەکنەگرتوو هەستی کوردایەتی تێدا دەبینرێت.

هەستی کوردایەتی لەنێو خێڵەکانی کورددا لە سەدەی حەڤدەی زایینییدا سەریهەڵداوە و بووە هۆی بزواندنی هەستی نەتەوەیی ژمارەیەک نووسەری کورد، لەوانە: "فەقێ تەیران" و "مەلای جزیری" بۆ نووسینەکانیان لە زمانی زگماکی کوردی کەڵکیان وەرگرت و "ئەحمەدی خانی" داستانی مەسنەویی مەموزینی نووسـی. مەموزینی ئەحمەدی خانی یەکەم نووسـراوەی کوردە کە لەژێر پەردەی بەیتی مەموزیندا هەستی ناسیۆنالیستیی کورد زەقدەکاتەوە، بەڵام بیری پاشکەتووی دەرەبەگەکانی کورد لەو سـەردەمی کوردسـتاندا و بەهێزبوونی بیری ئیسـلامی لەناو کوردانی دەسەڵاتداردا، پێشی بە گەشـەکردنی تەندروسـت و بەجێی ئەو هەسـتە نەتەوەییە داڕێژراوە گرت و نەیهێشـت بە شێوەی سرووشـتیی گەشـە بکات و پەرەبسـتێنێت و بگاتە ئاستی هۆشـیارکردنەوەی نەتەوەی کورد، لەو قۆناخەدا.

سەرەڕای سیاسەتی "ناوەند"یی حکومەتەکانی عوسمانیی و ئێران، کوردستان لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا لەلایەن سـەرۆک خێڵەکانی کوردەوە، بەشـێوەی خودموختاریی و ناوچەی میرنشـینی هەڵدەسـووڕا، وەک: میرەکانی "هەکاری"، "بۆتان"، "بادینان"، "سـۆران"، "بابان"، لە عوسـمانیدا و "موکـری" و "ئـەردەڵان" لە ئێران. ئەو میرنشـینە کوردانە، تاوەکو 150 سـاڵ لەمەوبەر بوونیان هەبووە. هەموویان، بۆ راگرتنی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان، خاوەنی دەزگای بەڕێوەبەریی حکومەت و هێزی پارێزەری نیشـتمانیبوون، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی لەسـەر دەسـەڵاتێکی هاوبەشی گشتی نەتەوەیی و نیشـتمانی پێکبێن و دەوڵەتی کوردی دامەزرێنن و بچنە ژێر فەرمانی چوارچێوەداریی دەوڵەتییەوە.

سـەرنجبدەن، ئەوە یەکەم ئەزموونی دەوڵەتداریی کورد بوو کە کێشـە ناوخۆییەکانی کوردستان رێگەیان لێگرت کە گەشە بکات و خۆی لەژێر ستەمی داگیرکەرانی کوردستان رزگار بکات، کەچی هەر ئەو دەسـەڵاتدارانەی کورد بەردەوام بۆ راگرتن و بەردەوامبوونی دەسـەڵاتی ناوچەیی خۆیان، تێدەکۆشان و ئەگەر ژیان و سەربەستیی ناوچەکەیان کەوتبێتە مەترسییەوە، ماوەیەک دژی نەیاران بەربەرەکانییان کردووە [23].

سـەرئەنجامی، ئەو بەربەرەکانییەی کوردان بەوە گەیشـت کە دەوڵەتـە داگیرکەرەکانی تورک و ئێران دەسـەڵاتی سـنوورەکانیان لە ناوەندی حکومەتەکانیاندا کۆکردەوە و کۆتاییان بە ژیانی ئەو


شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری


شێخ عەبدولسەلام بارزانی دووەم

میرنشینانە و دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی ئەوان لە کوردستاندا هێنا.

بەربەرەکانی ناوخۆیی کورد، بزووتنەوەی سـەربەخۆییخوازانەی شـێخ "عوبەیدوڵڵای نەهری" لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم 1880 – 1882دا تێکشکاند. یەکەم داخوازیی چاکسازیی بۆ مافی نەتەوەی کوردی کە لە بەهاری سـاڵی 1907دا لەلایەن شـێخ عەبدولسـەلام بارزانی دووەم و سـەرۆک هۆز و گەورەکانی کورد لە ماڵی شـێخ نوور محەممەدی بریفکانی پێشـەوای تەکیەی قادری لە "بریفکان" نوسـرابوو، بە خۆکشـاندنەوەی سەرۆک عەشـیرەتەکان لەو داخوازە، پووچەڵکرایەوە و لە ئاکامدا عوسمانییەکان، شێخ عەبدولسەلام و سێ هەڤاڵی ئەویان رۆژی 1914/12/14 لە موسڵ لەسێدارەدا.

---

23– بەدروسـتی ئەوەی ئەمڕۆ لە باشـووری کوردسـتان دەبیندرێت، نموونەی زەقی میرنشـینە کوردەکانە. لەلایەک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی گەل و نێچیرڤان بارزانی سـەرۆکی هەڵبژێردراوی حکومەتی هەرێم و ژمارەیەک حیزب و رێکخراو سیاسـی و مەدەنی و کەسـایەتی نیشـتمانپەروەر، بە پشتبەسـتن بە ئەزموونی رابردووی نەتەوەی کورد و ئەزموونی 25 سـاڵەی ئازاد بوونی هەرێمی کوردسـتان، بۆ سەربەخۆیی ئەو بەشەی کوردستان هەوڵدەدەن و ژمارەیەک حیزبی تریش، بۆ بەرژەوەندیی ناوچەیی و لە راستیدا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان لە پارێزگای سـلێمانیدا ناڕاسـتەوخۆ و بە بیانووی جۆراوجۆر، دژی سـەربەخۆیی کوردسـتانن و نایشـارنەوە کە دەیانەوێت کوردستان بگەڕێتەوە سەر بەغدا و بەشیوەی هەرێمی بەڕێوەنەچێت و بەغدا وەک پارێزگا، هەڵسوکەوت لەگەڵ پارێزگای سلێمانی بکات.

# کوردستان لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهاندا

لــە ڕەوتــی جەنگی یەکەمــی جیهان، لــە مانگی مای 1916دا، ئەو بەشــەی کوردســتان کە لە ژێردەستی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بوو، بەهۆی یەکنەگرتوویی کورد و لاوازیی ئەوان لە دیپلۆماسی جیهاندا، بە پێشنیازی دوو نوێنەری بەریتانیا و فەرەنسا بە ناوەکانی "مارک سایکس" و "فەرەنسوا ژۆرژ پیکۆ"[1]، ڕێککەوتنی سایکس- پیکۆیان مۆرکرد. بەو ڕێککەوتنە کە بەبێ ڕەزامەندی نەتەوەی کورد واژۆکرا و دواتر ناوی "پەیمان"ی بەخۆیەوە گرت، نەتەوەی کورد کرایە سێ بەش. بەشــی گەورەی خاک و نەتەوەی کوردیان لەگەڵ تورکیا هێشتەوە و دوو بەشەکەی دیکەیان دیسان بەبێ ڕەزامەندی کورد، بەســەر دوو دەوڵەتی هێشــتا پێکنەهاتووی عێراق و ســووریادا بەشــکرد. بەم دابەشکردنە، کورد و کوردستان بووە چوار بەش. واتە بەشی ئێران وەک خۆی مایەوە و بەشەکەی تورکیا، دوو بەشی دیکەی لێکرایەوە.

هێشــتا دابەشــکردنەکە بــواری کرداریــی پێنەدرابــوو کە ســێ دەوڵەتی ئینگلیز، فەرەنســا و تورکیــا بــۆ ئارامکردنــەوەی نەتەوەی کورد و دەســتەمۆکردنی لە ڕاپەڕیــن و دژایەتیکردن لەگەڵ دابەشبوونەکەی، ساڵی 1920 ڕێککەوتنێکی دیکەیان لەژێر ناوی پەیمانی سیڤەر[2] واژۆکرد. تورکیا لــەڕووی ناچارییــەوە و بــە پلان ملی بۆ ئەو پەیمانــەدا. لەو ڕێککەوتنەدا گوترابــوو ئەگەر کورد بتوانن وڵاتی خۆیان بەڕێوەببەن، ئەوە دوای ساڵێک پارێزگاکانی موسڵ و ئامەد کە هەموو خاک و نەتەوەی باشووری کوردستان و بەشی زۆری باکووری کوردستانی دەگرتەوە، سەربەخۆ دەکەن[3] .

پەیمانی "ســیڤەر"، هەلێکی لەباری بۆ کورد ڕەخســاند کە دەوڵەتی ســەربەخۆی کوردســتان دابمەزرێنێت، بەڵام دیســانیش ناســازگاریی کورد، هەلی بۆ مستەفا کەمالی دەسەڵاتداری نوێ لە تورکیا ڕەخســاند کە ســاڵی 1922 دەوڵەتی کۆمــاری لە تورکیا دامەزرێنێــت و دوای تێپەڕبوونی ســاڵێک بەســەر پەیمانی سیڤەردا، بە ڕێککەوتنێکی دیکە کە "لۆزان"[4]ی ناو بوو، ویست و ئاواتی کورد پووچەڵبکاتەوە. داخەکەم لێرەشدا کورد بۆخۆی شەریکبوو لەو غەدرە مێژووییەی کە لێیکرا.

مستەفا کەمال لە ڕەوتی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهاندا، بە کەڵکوەرگرتن لە ناکۆکی کورد لەگەڵ یەکتر، دژی کورد ڕاپەڕی و خێڵەکانی کوردی چەککرد و کۆمەڵێکی زۆری لە کوردستانەوە گواستەوە بۆ شارە تورک نشینەکانی "ئانادوڵ". چەند بزووتنەوەیەکی لە ناوچەی سیواس، بنگول و ساســون ســەرکوتکرد. ســاڵی 1924 پۆشــینی جلوبەرگی کوردی و ئاخاوتن بە زمانی کوردی یاســاخکرد و ڕایگەیاند: "تورکیا وڵاتی تورکانە و تەنیا تورک تێیدا دەژین". مســتەفا کەمال زۆر بێڕەحمانە ســەدان گوندی کوردی ســووتاند، بزووتنەوەکانی شێخ سەعید، سەید ڕەزا و ڕاپەڕینی ئاراراتی سەرکوتکرد[5] .



1- ڕێککەوتنی ســایکس- پیکۆ پەیمانێکی نهێنی بوو لەنێوان بریتانیا و فەرەنســادا کە بە هاودەنگیی لەگەڵ ڕوســیا بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە مانگی مای ساڵی 1916 واژۆ کرا. لە ئاکامی ئەو ڕێککەوتنەدا، عێراق، سوریا، لوبنان، فەلەستین و ئەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دەستی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بوو، بەشکرا و بەو پەیمانە کوردستان لە دوو بەشەوە بوو بە چوار بەش. ئەو پەیمانە لە دوو ناوی مارک سایکسی بریتانیایی و فەرەنسوا ژۆرژ پیکۆ پێشکەشکەری ڕێککەوتنەکە وەرگیراوە.

2- دوای دابەشکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی، نوێنەری دەوڵەتانی فەرەنسا، ئینگلیز، ئیتالیا، ژاپۆن و هاوپەیمانان جەنگی یەکەمی جیهان ڕۆژی 1920/8/10 لە شاری سێڤەری فەرەنسا کۆبوونەوە و ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرا. شەریف پاشا لە باکووری کوردستان بە نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد بەشــداریی ئەو کۆبوونەوەیەی کرد. بەو پەیمانە کە دواتر بە پەیمانی ســێڤەر ناســرا، بریتانیا دەیویست باکووری کوردستان لە تورکیا جیابکاتەوە و ئەو بەشە لەگەڵ ویلایەتی "پارێزگا" موسڵ، بکات بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد و خۆشی سەرپەرشتی بکات.

3- ســەرنج بدەن: "ئەگەر کوردەکان بتوانن وڵاتی خۆیان بەڕێوەبەرن." واتا ئەوەی ژمارەیەک لەم ســەردەمەدا بە فیتی دوژمن هەوڵی بۆ دەدەن کە بە دنیا بڵێن کورد شایستەی دەوڵەتداری نییە. ئەوان دەرگا بە دەرگا شوێنە بڕیاردەرەکانی جیهان دەکوتن بۆ سووککردنی دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان.

4- پەیمانی لۆزان ڕۆژی 1923/7/24 لە کۆنگرەیەکدا لە شــاری لۆزان لە وڵاتی سویســرا واژۆکرا، مەبەســت لەو کۆنگرەیە باســکردن بوو لە کێشــەکانی نێوان تورکیا و یۆنان و پێکهاتنێکی نوێی ئاشــتی لەگەڵ مســتەفا کەمال، بۆ ئەوەی پەیمانی لۆزان شوێنی پەیمانی سێڤەر بگرێتەوە. لەم کۆنگرەیەدا گەلێک بابەتی تایبەت بە کێشــە ناوچەیی و سیاســییەکان و چارەســەرکردنی کێشەی موسڵ و سیستەمی تەنگەرە دەریاییەکان و کێشــەی سیســتەمی ئیمتیازی بێگانە و کێشــە ئابووری و داراییەکانی وەک قەرزی گشتی ئیمپراتۆریی عوسمانی و پاراستنی بەرژەوەندی ئابووریی دەوڵەتــە دەرەکییــەکان خرانــە بەرباس و ســەرئەنجام لە کۆنگرەی لۆزاندا، هاوپەیمانان بە قازانجی مســتەفا کەمال، لە پەیمانی ســێڤەر و مافی نەتەوەی کورد پاشگەز بوونەوە و کێشەی کوردیان قوڵتر کردەوە.

5- ڕاپەڕینــی ئــارارات لە لایەن کۆمەڵەی "خۆیبوون"ەوە ســەرۆکایەتی دەکرا. خۆیبوون ڕێکخراوێکی سیاســی کــورد بوو کە بە ئامانجی ئازاد کردنی کوردســتان، بە یەکگرتنەوەی چەند کۆمەڵەی کوردیی بە ســەرۆکایەتی ئیحســان نووری پاشــا دامەزرا. خۆیبوون یەکەم کۆنگرەی خۆی لە مانگی گەلاوێژی ســاڵی 1927 دا لە "بحمدون"ی لبنان بەســت. ئیحســان نووری پاشــا ســاڵی 1927 بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا، ئاڵای کوردستانی، بە ئارم و نیشانی ئاڵای ئەمڕۆی کوردستان، لەسەر چیای ئاگری هەڵکرد. خۆیبوون تا ساڵی 1931 خەباتی کرد و بە شکانی بزووتنەوەی ئارارات لەنێوچوو.



شێخ ئەحمەدی بارزانی

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش سیاسەتی قڕکردن و لەنێوبردنی نەتەوەی کورد بەڕێوەچوو. رەزا خانی پەهلەوی ساڵی 1921 لە ئێران دەسەڵاتی گرتە دەست و لە 25 ی ئوکتۆبەری ساڵی 1922 دا، بۆ تواندنەوەی کورد، پەیمانێکی هاوکاری لەگەڵ مستەفا کەمال مۆرکرد. ساڵی 1925 سوپای ئێرانی نوێکردەوە و سیستمی سەربازیی بە زۆری "ئیجبارِیی"، دامەزراند. فەرمانی چەککردنی گشتیی خێڵەکانی راگەیاند و چەکیکردن.


خێڵی "جەلالی"ی کە پێشتر لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی سەفەوییەکاندا، بەشێکیان لە کوردستانەوە گواسترابوونەوە بۆ ناوچەی مەشهەد، ئەویش بەشێکی زۆر لێ گواستنەوە بۆ "قوچان" و دەوروبەری "مەشهەد". بەچەشنی مستەفا کەمال، پۆشینی جلوبەرگی کوردی یاساخکرد و نەیهێشت لە دەزگا حکومییەکان، خوێندنگەکان و شوێنە گشتییەکانی کوردستاندا کورد بە زمانی زگماکی بدوێن. بزووتنەوەکانی سمایل ئاغای سمکۆ، مەلا خەلیلی گۆڕەمەریی، جافر سوڵتانی هەورامی و حەمە هەتیوی لە مەهاباد سەرکوتکرد. مەلا خەلیل، مەلایەکی ناسراوی ناوچەی مەنگوڕانی مەهاباد بوو کە دژی یاساخکردنی جلوبەرگی کوردی راپەڕیبوو.

فەیسەڵی یەکەم لە دووی خەرمانانی 1921، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کرایە شای عێراق. ئەو وڵاتە تاوەکو ساڵی 1930 لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی "قیم" راستەوخۆی ئینگلیزدا بوو.

ساڵی 1930 بە وڵاتێکی سەربەخۆ ناسرا و بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان وەرگیرا. دوای پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ لە عێراق کە بەشێکی کوردستانیشی بەبێ رەزامەندی گەلی کورد خرایە سەر، بە راسپاردەی بەریتانیا ، زمانی کوردی و رێزگرتن لە داوونەریتی کوردی لەو بەشەی کوردستاندا یاساخ نەکرا و لە سەردەمی شۆڕشی شێخ مەحموودەوە و دواتریش بزووتنەوە کوردییەکان، ئەم دەستکەوتە بۆ نەتەوەی ئێمە پارێزرا و کوردی ژێردەستی عێراق بە هەموو دەرد و ئازاری نەپسایەوە، توانی لە بوارەکانی سیاسی و فەرهەنگیدا چالاک بێت و منداڵانی لە خوێندنگەکانی کوردستاندا بە زمانی زگماکی پەروەردە بکات.

بەر لە دامەزرانی دەوڵەتی عێراق، شێخ مەحموودی حەفید لە مانگی گوڵانی ساڵی 1919دا دەوڵەتی پاشایەتی کوردی راگەیاند. دەوڵەتی ئینگلیز دژی دەوڵەتی شێخ مەحموود راوەستا. یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی لەنێوچوونی بزووتنەوەی شێخ مەحموود و دژایەتیکردنی ئینگلیز لێی، پشتیوانی نەکردنی سەرۆک خێڵەکانی کورد بوو لە شێخ. هەروەها دەوڵەتی ئینگلیز دوو بزووتنەوەی دیکەی لە باشووری کوردستاندا لەنێوبرد. یەکەمیان بزووتنەوەی 1931– 1932 بارزان بوو بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان و ئەویتریان شۆڕشی 1943– 1945 بوو بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی. لەو شۆڕشەدا، جاشە خۆماڵییەکان و بەتایبەتی جاشە سوورچییەکان هاوکاری سوپای عێراقیان کرد و توانیان بە هاوکاری فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی ئینگلیز شۆڕشەکە تێکبشکێنن و لە ئاکامدا نزیکەی دە هەزار بارزانی بە بنەماڵەوە، باشووری کوردستانیان بەجێهێشت و رۆژی 1945/10/11 بە رێگەی کێلەشین و مەرگەوەڕ و چیای داڵانپەڕدا خزانە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە.

# کوردستان لە رەوتی جەنگی دووەمی جیهاندا



قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان– 1946

لە رەوتی جەنگی دووەمی جیهان 1939/12/1 – 1945/9/2دا، سوپاکانی بەریتانیا ، سۆڤیەت و دواتریش ئەمریکا بۆ پێشگرتن لە یارمەتیدانی ئەڵمانیای نازی لەلایەن رەزا شاوە، رۆژی 1941/8/25 ئێرانیان داگیرکرد. بەهاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، سوپا و هێزە چەکدارەکانی ئێران لە کوردستان رایانکرد. لە ماکۆوە تاوەکو دەگاتە سنووری شاری سەقز کە یەکێتی سۆڤیەتی تێدا جێگیرببوو، کەوتە ژێر دەستی سەرۆک هۆزەکانی کورد و لە سەقزەوە تاوەکو ئیلام کە هێزەکانی بەریتانیا تێیدا جێگیربوون، رژێمی ئێران وەک پێشوو دەسەڵاتی تێیاندا مابوو. ژمارەیەک کوردی رۆشنبیر کە پێشتر لەساڵی 1942دا، رێکخراوێکی سیاسییان بە ناوی " کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" لە مەهاباد دامەزراندبوو، ئەو حیزبەیان هەڵوەشاند و بە کەڵکوەرگرتن لەو بۆشاییە سیاسی، سەربازییە، رۆژی 1945/10/23 حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بە سەرۆکایەتی "محەممەد قازی" قازی شەعی مەهاباد و ناوچەکە دامەزراند. ئەو حیزبە، پلەی پێشەوای بە قازی محەممەد بەخشی و لە ماوەی سێ مانگدا، رۆژی 1946/1/22 کۆماری کوردستانی مەهابادی راگەیاند [1].

کۆماری کوردستان 10 مانگ و 20 رۆژ تەمەنی کرد. نزیکەی 3000 پێشمەرگە لە هۆزی بارزان کە پێشتر گوتم، پەنایان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان هێنابوو، بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی، لەگەڵ نزیکەی 10 هەزار چەکدار لە 33 تیرە و عەشیرەتی رۆژهەڵاتی کوردستان باسکی سەربازیی کۆماریان پێکهێنا. کۆماری کوردستان لە ماوەی ژیانیدا چەندان دەستکەوتی گرنگی سیاسی، ئابووریی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە دەستهێنا و خوێندنگەی بە زمانی کوردی بۆ منداڵان و گەورە ساڵان لە مەهاباد، نەغەدە و بۆکان و...تد کردەوە و رۆژنامە و گۆڤاری بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە. بەڵام دواتر کە رووسەکان ئازەربایجانیان چۆڵکرد، جگە لە بارزانییەکان و دوو سێ تیرەی بچووک، هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانی هاوکاری کۆمار، لەژێرەوە دژی کۆمار و رێبەرانی هەڵگەڕانەوە و پاڵیان بە رژێمی کۆنەپەرستی ئێرانەوەدا، بە چەشنێک سوپای ئێران بە هاوکاری راستەوخۆی جاشە خۆبەدەستەوەدەرەکانی مامەش، مەنگووڕ، دێبوکری، زەرزا، رەشید بەگی هەرکی، نووری بەگی هەرکی، قوبادی کوڕی، عومەرخانی شکاک و سێ لە بەگزادەکانی مەرگەوەڕ توانی کۆماری کوردستان لەنێوبەرێت و کۆتایی بە بوونی بارزانییەکانیش لە رۆژهەڵاتی

1– پێشتر کتێبێکم لەسەر کۆماری کوردستان بڵاوکردەوەتە. ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و بە دوو زمانی کوردی و فارسی، لە کوردپیدیا هەیە و دەتوانن بیخوێننەوە.

کوردستان بێنێت و ئەوان ناچار بکات، پیر و بەساڵداچووەکان و ژن و منداڵەکانیان بنێرنەوە بۆ باشووری کوردستان و مەلا مەستەفاش، رۆژی 1947/6/17 دوای بەربەرەکانێیەکی شەش مانگە و چەندان شەڕی قورس، لە ناوچەکانی قتور و پردی ماکۆ، لەگەڵ 500 پێشمەرگە پەنا بۆ یەکێتی سۆڤیەت برد.

ئەمە چارەنووسی نەتەوەی کوردە کە دەبێ لە هەر رووداوێکی گرنگی مێژووییدا خۆی هۆرە بۆخۆی بکات و نەهێڵێت نەوەکانی بگەنە ئامانج و لە ئاکامدا کورد خۆی ببێتە لایەنێکی سەرەکی و کاریگەر لە رووخاندنی کۆمار و دواتریش شەهیدکردنی 27 پێشمەرگەی بارزانییەکان لە شەڕەکانی: نەڵۆس، گۆجاڕ، قاڕنێ، دەشتی شنۆ، هەڤرین، هەلەج، نێرگێ لە نێوان نەغەدە، شنۆ و مەرگەوەڕ.

مەلا مستەفا، هەر لە مەهابادەوە، حیزبێکی چەشنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ باشووری کوردستان "کوردستانی ژێر دەستی عێراق" دامەزراند. هەمزە عەبدوڵڵا یەکێک لە خەباتکارانی ئەو سەردەمەی بەرپرس کرد لەکاتێکی گونجاودا، ئەو حیزبە رابگەیێنێت. ئەو حیزبە رۆژی 1946/8/16 بە نهێنی لە بەغدا کۆنگرەی یەکەمی پێکهێنا و دامەزراندنی خۆی بە سەرۆکایەتی بارزانی راگەیاند.

مەلا مستەفا، زیاتر لە 11 ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت مایەوە. لە سەرەتای چوونیدا پێشوازی گەرمی لێکرا، بەڵام دواتر کەوتەبەر رق و کینەی میرجەعفەر باقرۆف سکرتێری حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان لە باکۆ. باقرۆف درێژەی بە دووژمنایەتی لەگەڵ بارزانیدا، بەڵام نەیتوانی وەک چۆن پیشەوەریی سەرۆکی حکومەتی ئازەربایجانی باشووری لەنێوبرد، بارزانیش لەنێوبەرێت. باقرۆف لە نامەیەکیدا بۆ مۆسکۆی نووسی:

– "مستەفا بارزانی کابرایەکە لەڕووی سیاسییەوە ناشارەزا و نەخوێندەوارە و بە تەمایە شێخ نشینێک لە هۆزەکانی کورد دروستبکات و خۆی ببێتە سەرۆکیان. بارزانی هاتنەکەی خۆی بۆ یەکێتی سۆڤیەت بەشتێکی کاتی دەزانێت و هیچ بەرپرسایێتییەک لە ئەستۆ ناگرێت. داوادەکەم



سمایل ئاغای شکاک (سمکۆ).



لە لای چەپ:
مەسعود بارزانی
خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی
شەهید میرە شێرۆکی
محەممەد ئەمین ساڵح ئسقێلی

کوردە بارزانییەکان لە خاکی ئازەربایجان و لەسەر سنووری ئێران دووربخرێنەوە".

بەو داخوازەی باقرۆڤ، ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت بە نامەی ژمارە 131022-3943 1948/8/9 وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت، بارزانییەکانی لە باکۆوە گواستەوە بۆ ئۆزبەکستان و لە ئۆردووگای پێشووی وەزارەتی دەرەوە لە "ئێستگەی کۆنسۆمۆڵی سەرووی هێڵی شەمەندەفەڕی تاشکەند" نیشتەجێیکردن.

بارزانی بۆ بەڕێوەبردنی ئامانجەکانی، ڕۆژی 1948/9/24 چاوی بە "یوسۆپۆڤ" سەرۆکوەزیرانی کۆماری ئۆزبەکستان کەوت و ناڕەزایی خۆی سەبارەت بە چۆنیەتی باری ژیانی هەڤاڵانی دەربڕی و داوای لە یوسوپۆڤ کرد کە پێنج لە ئەفسەرانی بۆ دیتنی خولی حیزبی بنێردرێنە خوێندنگەی حیزبی لە شاری تاشکەند و چەند کادیریش فێری فڕۆکەوانی بکەن. هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی باری ژیانیان و بەرنامەکانیان داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ ستالین کرد. یوسوپۆڤ بەڵێنی پێدا پشتگیریی بکات، بەڵام باقرۆڤ لەوێش دەستی لێ هەڵنەگرت و توانی لەگەڵ "لاورنتی بێریا" کۆمیسێری کاروباری ناوخۆی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، مۆسکۆ ڕازیبکەن بە بڵاوکردنەوەی زیاتری بارزانییەکان و جیاکردنەوە و دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی.



ئەوە لە کاتێکدابوو کە هێشتا بارزانییەکان وەک پەنابەر لە سۆڤیەت قبوڵ نەکرابوون و بە گوێرەی یاسا دەرەتانی کار و خوێندنیان بۆ جێبەجێنەدەکرا و تەنانەت چونکە هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون و مستەفا بارزانی پێی لەسەر ڕزگاری و سەربەخۆیی کورد دادەگرت و ئامادە نەبوو، پەیڕەوی لە بیری کۆمونیستیی سۆڤیەت بکات، کاربەدەستانی سۆڤیەت زۆر بە توندی ئەوانیان خستەبەر گوشار و لێکدابڕان کە بەڵکو بتوانن پەیوەندی مستەفا بارزانی لەگەڵ هاوڕێیەکانی بپچڕن.

لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا، ڕۆژی 1949/3/14 بارزانی و چەند هەڤاڵی ئەویان بە فڕۆکە گواستەوە بۆ دوورگەی "قەرە قەرپاخ" لە دەریاچەی "ئۆڕاڵ" و ڕۆژ 1949/3/15ش 16 ئەفسەری بارزانیان بردە گۆشەیەکیتری "قەرم" و هاوڕێکانیشیان بەسەر گوندەکانی ئۆزبەکستاندا بەشکرد، بەڵام ئەوان بێدەنگ نەبوون و دروشمی "یان مردن یان بارزانی"یان بەرزکردەوە. سەرئەنجام هەلومەرجی نێونەتەوەیی ستالینی تەسلمی خواستی بارزانییەکان کرد و بارزانیان گەڕاندەوە لای هەڤاڵانی[2].

ستالین لە مانگی مای ساڵی 1953 کۆچی دواییکرد و خرۆشۆڤ جێیگرتەوە. بە مردنی ستالین تاوەکو ڕادەیەک ئازادی ڕووی لە کۆمارەکانی سۆڤیەت کرد. میر جەعفەر باقرۆڤ و لاورنتی بێریا بە تاوانی خیانەت لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتەوە لەسێدارەدران.

بە سەرهەڵدانی ئەو گۆڕانە سیاسییە، مەلا مستەفا ویستی سەردانی مۆسکۆ بکات و چاوی بە کاربەدەستە نوێیەکانی سۆڤیەت بکەوێ و باسی کێشەی کورد و ئەو زوڵم و ستەمانەیان بۆ بکات کە لە کۆمارەکانی ئازەربایجان و ئۆزبەکستان بەسەر خۆی و هەڤاڵانی هاتووە. بارزانی لە سەرەتای مانگی نۆڤێمبەر "تشرینی دووەم"دا، بەنهێنی لە ئۆزبەکستانەوە چوو بۆ مۆسکۆ و دوای هەوڵدانێکی زۆر توانی لە کۆتایی مانگی نۆڤێمبەر و سەرەتای دیسێمبەری ساڵی 1954، لە کرملین چاوی بە ڕێبەرانی حیزبی کۆمونیست و خرۆشۆڤ بکەوێت.

دوای ئەو دیدارەی لەگەڵ خرۆشۆڤ، بارزانی توانی سەرنجی سەرکردەکانی حیزب و حکومەتی سۆڤیەت بەرەو کێشەی کورد رابکێشێ و پەیوەندییەکی گەرم و دۆستانە لەگەڵ ئەو سەرکردانە و لێپرسراوانی دیکەی سۆڤیەت دامەزرێنێت. ئەو دەستپێشخەرییەی بارزانی ڕێگەی بۆ کردەوە کە گوێی لێبگرن و داوای لێبکەن لە مۆسکۆ بمێنێتەوە. هەروەها هەڤاڵانی بە گوێرەی توانا لە بەشەکانی کشتوکاڵ، تەکنیک، پزیشکی، ئەکادیمیای سەربازیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت و...تد بخوێنن.

2- ژیانی نهێنی ژەنەڕاڵ سۆدا پولاتۆڤ، لە کتێبی "مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتی سۆڤیەتدا"، نوسینی ئەفراسیاو هەورامی، لاپەڕەی 187-194، چاپی ئاراس، 2001 هەولێر و هەروەها پرۆفسیۆر ئەناتۆڵی سودۆ پلاتۆڤ Anatoly Sudoplatov لە فیلمی دیکۆمێنتی "پێشڕەو" وەرگیراوە.

# شۆڕشی ئەیلول

ڕۆژی 1958/7/14، لە عێراق کودەتایەکی سەربازی دژی ڕژێمی پاشایەتی ئەنجامدرا. عەبدولکەریم قاسم یەکێک لە ئەفسەرانی باڵای عێراق، سەرۆکایەتی ئەو کودەتایەی کرد. نەمانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق، ڕێگەی بۆ بارزانی و هەڤاڵانی خۆشکرد کە دوای هاوئاهەنگیکردن لەنێوان بارزانی و عەبدولکەریم قاسم دا، مەلا مستەفا بارزانی ڕۆژی 1958/8/21 مۆسکۆی بەرەو ڕۆمانیا بەجێهێشت . میرحاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەوی لەگەڵ خۆی برد و سەرۆکی ڕۆمانیا پێشوازی لێکرد. لە "بۆخارست"ەوە بەهۆی بالیۆزخانەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بروسکەیەکی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد، پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕشی لێکرد و داوایکرد ڕێگە بدرێ خۆی و هاوڕێیانی بگەڕێنەوە عێراق. بارزانی لە بوخارستەوە چوو بۆ پراگ. لەوێش سەرۆکی چیکۆسلۆڤاکی "ئەنتۆنی نۆڤۆتینی" پێشوازی لێکرد. دواتر لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەر "ئەیلول"ی 1958، چیکۆسلۆڤاکیای بەجێهێشت و بەر لە گەڕانەوەی بۆ عێراق، لە قاهیرە دابەزی. جەمال عەبدولناسر سەرۆککۆماری میسر لە ماڵی خۆیدا پێشوازیی لێکرد. ئەم پێشوازییە گەرمەی ناسر لە بارزانی و هەڤاڵانی بۆ ئەو پشتگیرییەی بارزانی دەگەڕایەوە کە ساڵی 1956 و لەکاتی هێرشە سێ قۆڵییەکەی ئیسرائیل و ئەمریکا و بەریتانیا بۆ سەر میسر، بارزانی لە میسری کردبوو.

دوای چوونی بۆ میسر و چاوپێکەوتنی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر، بارزانی ڕۆژی 1958/10/6 گەڕایەوە بۆ بەغدا و بەشێوەیەکی فەرمی پێشوازیی لێکرا. لە کوردستان و لە هەموو ناوچەکانی عێراقەوە دەیان هەزار کەس لە نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی گەل گەیشتبوونە بەغدا و لە فرۆکەخانەی (موسەننا) پێشوازییان لە بارزانی کرد ، وەک قارەمانێکی نەتەوەیی .

بارزانی لە بەغدا مایەوە. لە سەرەتایەکانی ساڵی 1961وە، بەعسییەکانی هاوپەیمانی عەبدولکەریم قاسم بەرە بەرە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوبراودا سەپاند. عەبدولکەریم قاسم ناچارکرا بەسەر هەندێک لە بڕیارەکانیدا سەبارەت بە کوردستان بچێتەوە. ئەو سیاسەتە، تینی بۆ مەلا مستەفا هێنا کە بەغدا بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ بارزان. بە گەڕانەوەی بارزانی، حکومەتی عەبدولکەریم قاسم دەستیکرد بە دەرکردنی ئەفسەر و کارمەندانی کورد لە دەزگا حکومییەکان و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو سەرۆک هۆز و کوردە هەڵخەڵەتاوانەی کە دژی بزووتنەوەی دیموکراتی و ڕزگارییخوازانەی کورد بوون. هەروەها بڕیاریدا بنکەی ڕۆژنامەی خەبات تەنیا ڕۆژنامەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان دابخات و ئەندامانی پارتی بگرن . ئەوان، پارتی دیموکراتیان ناچارکرد بۆ جارێکی دیکەش ڕێگەی خەباتی نهێنی بگرێتەبەر.

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان جگە لەو کێشەیەی کە لەگەڵ بەغدا هەیبوو، لەنێو ئەندامانی سەرکردایەتی خۆشیدا تووشی ناکۆکی و لێکدابڕان ببوو. ئیبراهیم ئەحمەدی هەڵگری بیری ماوتسیتۆنگ، لە بۆچوون و شێوەی حیزبایەتیکردنی بارزانی توڕەبوو، دەیگوت بارزانی نەخوێندەوارە و نازانی حیزب بەڕێوەبەرێت و دیسیپلینی حیزبی نییە. ئیبراهیم ئەحمەد کە سکرتێری حیزب بوو، دەیویست حیزب لە چوارچێوەی بیری توندڕەوانەی خۆیدا بەڕێوەبەرێت و بارزانیش دژی هەڵسوکەوتی توندڕەوانەی ئەو بوو. بارزانی دەیویست کورد لانەیەکی هەبێت و وەک هەموو نەتەوەکانی جیهان خاوەنی دەوڵەت و ستاتوی خۆی بێت.

لە ڕەوتی شۆڕشی ئەیلولدا، ئیبراهیم ئەحمەد ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ڕووناکبیری چەپی نێو حیزبی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و ڕۆژی 1964/4/4 کۆنفرانسێکی بە بەشداری نزیکەی 80 ئەندام لە شارۆچکەی ماوەت، لە ناوچەی سلێمانی پێکهێنا و لەو کۆنفرانسەدا بارزانی سەرۆکی حیزبی لە پارتی دەرکرد . ئەمە کارێکی زۆر نامۆ و دوور لە پرۆگرام و پرنسیپی حیزب بوو. لەبەرئەوە، کۆمەڵێکی زۆر کەسایەتی خێرخوازی کورد، ویستیان ناوبژیوانی لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی دا بکەن، بارزانی ڕازیبوو، کێشەکانیان بە گفتوگۆ چارەسەر بکەن، بەڵام چونکە ئیبراهیم ئەحمەد بە ئامۆژگاری ڕژێمی شای ئێران خۆی و لایەنگرانی لەوکارە ناشەرعییە گلاندبوو، ملی نەدا. ئەوەبوو، لیژنەی چاودێری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پێنجەم داوای پێکهێنانی کۆنگرەی شەشەمی بە بەشداری ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی کرد.

کۆنگرەی شەشەم ڕۆژی 1964/7/1 بە بەشداری 600 ئەندام لە ناوچەی قەڵادزێ پێکهات، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی ئامادەنەبوون بەشداری تێدا بکەن. کۆنگرە ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی لە پارتی دەرکرد و بڕیاریدا کەلوپەلی حیزب وەک ئێزگەی ڕادیۆ و چاپخانەی پارتی لە مەکتەبی سیاسی کۆن لە ماوەت وەربگرێتەوە.

گرووپێک بەرپرسی بەڕێوەبردنی ئەو بڕیارە، چوون بۆ ماوەت، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی و ژمارەیە پێشمەرگە، کە پێشتر پەیوەندییان بە ئێرانەوە هەبوو، باشووری کوردستانیان بەجێهێشت و ڕایانکردە ئێران و لە ناوچەی سەردەشت لە "ئالان" جێگیر بوون.

دوای ڕاکردنیان بۆ ناوچەی ئالان، نزیکەی 40– 50 سەرکردەی گرووپی ئیبراهیم ئەحمەد لە گوندی بێتوش نیشتەجێبوون و پێشمەرگەکانیش لە گوندەکانی مەزرێ و دوولکان. چەند جار ویستیان بگەڕێنەوە و بە شەڕ ناوچەیەک بۆخۆیان بگرن ، کە نەیانتوانی و سەرئەنجام دەوڵەتی ئێران بە هەڕەشەی بارزانی و دەوڵەتی عێراق، ئەوانی چەککرد و لە ناوچەکە دووری خستنەوە بۆ شاری هەمەدان. لەوبارەوە سەرلەشکر حەسەن ئەرفەع سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێران، دەڵێت:

"ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و 630 پێشمەرگەی لایەنگریان، چونکە نەیانتوانی بەرگریی لەخۆیان بکەن، لە زێی بچووک پەڕینەوە و لە نزیک سەردەشت هاتنە ناو خاکی ئێران، ئەوان ئیزنیان بە کاربەدەستانی ئێران نەدا کە چەکیان بکەن و گوتیان دوای ماوەیەکی کورت دەگەڕێنەوە خاکی عێراق . ئیبراهیم ئەحمەد هاتە تاران، بەڵام عومەر دەبابە و جەلال تاڵەبانی لەلای هاوڕێیەکانیان لە گوندی "دوولکان" لە نزیک سەردەشت لە دوازدە مایلیی سنووری عێراق مانەوە. شێخ ئەحمەد برا گەورەی مەلا مستەفا هەوڵیدا مەکتەبی سیاسی پارتی لە مەلا مستەفا نزیک بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی. دوای چەند ڕۆژ، 200 پێشمەرگەی دیکەش کە لە ناوچەی خانەقین بوون، هاتن و

لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی کەوتن. دواتر هەموویان بە تێکڕایی گەڕانەوە ناوخاکی عێراق و دەیانویست لە چوارتا بمێننەوە کەچی ژمارەیەک بارزانی کە بەو جموجۆڵەیان زانی، هێرشیانکردە سەریان و لە ئاکامدا ئەو 200 کەسەی ناوچەی خانەقین گەڕانەوە لای مەلا مستەفا و ئەوانیدیکەش رایانکردەوە ئێران. ئەمجارەیان دەوڵەتی ئێران چەکیکردن و خستنیە ژێرچاودێری . دوای چەند رۆژ بەهۆی رەخنەی دەوڵەتی عێراق، لەبوونی ئەو ژمارە پەنابەرانە لە نزیک سنوورەکانی، دەوڵەتی ئێران ئەوانی گواستەوە بۆ سەقز و لەوێوە بردنی بۆ هەمەدان، بەڵام لایەنگرانیان لە سووریا و لوبنان و ئەورووپای رۆژئاوا، پشتی ئەو پەنابەرانەیان گرت و سکاڵایان لە مەلا مستەفا و دەوڵەتی عێراق کرد. هەر لەوبارەوە جەلال تاڵەبانی لەلاپەڕەی 964 کتێبەکەیدا "دوای 60 ساڵ"، دەڵێت: ئێرانییەکان شەوێک بە زۆر ئێمەیان رەوانەی هەمەدان کرد. نزیکەی 500/400 کەس بووین. لە ئۆردووگایەکدا ئێمەیان دانا و گوتیان ئێوە لێرە پەنابەرن و چەکەکانیان لێوەرگرتین و ئیتر بەتەواوی لە داوی ئێران کەوتین. من و حیلمی عەلی شەریف و چەند کەسی دیکە داوامان لە ئەندامان کرد بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێراق و خەریکی کاروباری حیزبی بن و عەلی عەبدوڵڵا، عەلی عەسکەری و عومەر دەبابەش لەلای هێزە چەکدارەکان بمێننەوە. کەمال موفتی و محەممەد ئەمین فەرەج و چەند کەسی دیکە سەرپەرشتی کاروبارەکان بگرنە ئەستۆ و ئیبراهیم ئەحمەد بچێت لە تاران بمێنێتەوە و سەید عەزیزیش بگەڕێتەوە لای باوکی[1]".

لەو گرووپەی کە لە هەمەدان بوو، بەرە بەرە ژمارەیەکیان بە کۆمەڵ و بە تاک گەڕانەوە لای بارزانی و نزیکەی-250 300 کەسیان لە هەمەدان مانەوە کە بارزانی بە مەسڵەحەتی زانی ئەوانیش بەبێ قەید و شەرت بگەڕێنەوە. ئەوان لە دوو گرووپدا گەڕانەوە. گرووپی یەکەمیان رۆژی 1965/7/6 لەگەڵ عەلی عەسکەری گەڕانەوە بۆ حاجی ئۆمەران و گرووپی دووەم لەگەڵ جەلال تاڵەبانی هاتنەوە. گەڕاوەکان ئەو دەزگا رادیۆیەیان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە کە لە ماوەتەوە بردبوویان. لەوبارەوە عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری ناسراو بە "عەوڵاغای پشدەری" لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:"بەرلە گەڕانەوەیان، بارزانی بە منی گوت ئەوانە دەگەڕێنەوە، گوتم جەنابت عەفویان دەکەی، گوتی: "ئەی چۆن عەفویان ناکەم"، گوتم وەڵڵا زۆر گەورەییە و سەروەرییە و زۆرم پێخۆشبوو. کە هاتنەوە بارزانی زۆر بە گەرمی پێشوازییکردن، من ئامر هێزی باڵەک بووم. پێشمەرگە چوون مقەڕاتیان بۆ کردنەوە. زۆر چاکم لەبیرە عەلی عەسکەری بوو، عومەر دەبابە بوو، مام جەلال بوو، حیلمی شەریف بوو، کەمال موفتی بوو لەوێ دانیشتبوون. بارزانی گوتی : مام جەلال کوێی پێخۆشە با لەوێ بێت. دەمەوێ عەسکەرییەکانتان دامەزرێنم و دەمێنێتەوە مەدەنییەکان، کەمال موفتی دەکەم بە ئامر هێزی قەرەداخ. حەمەدەمین فەرەج دەکەمە ئامر هێزی پشدەر. گوتی: عەلی عەسکەری تۆ مەدەنی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووی لێرە لەکن کاک عەبدوڵڵا ئیش بکە، واتە ببێتە یاریدەدری من. عەلی عەسکەری گوتی: من پێمخۆشە لەگەڵ مام جەلال بم. مام جەلال لە کوێ دەبێ، منیش لەگەڵ ئەوبم. مام جەلال گوتی: جەنابی مەلا مستەفا، هەباسی مامەند ئاغا لە دۆڵەڕەقەوە خەبەری بۆ ناردووین و گوتوویەتی حەزدەکەم ئێوە مەقەڕی خۆتان بهێننە ئێرە و لای برای خۆتان بن. ئەوەبوو مام جەلال، عەلی عەبدوڵڵا، نووری شاوەیس، عەلی عەسکەری و حیلمی عەلی شەریف چوونە لای هەباس ئاغا".

ئیبراهیم ئەحمەد نەگەڕایەوە بۆ کوردستان و لە تاران مایەوە و لەوێوەوە پەیوەندی بە رژێمی عێراقەوە کرد و ئەوانەی لە دۆڵەڕەقە بوون، بە رژێمی عێراقی بەستنەوە. ئەو ژمارەیە و ئەوانەی بەرپرسارێتیان لە پارتیدا وەرگرتبوو، دوای نزیکەی شەش مانگ، لە سەرەتای ساڵی 1966دا، بە راسپاردەی ئیبراهیم ئەحمەد رایانکردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سوپای عێراق و لەگەڵ کاربەدەستانی رژێم سازان کە لە پێشمەرگە بدەن. ئەوان وەپێش سەربازی عێراق کەوتن و بەشێوەیەکی راستەوخۆ شەڕی پێشمەرگەیان کرد و خەڵک ناوی جاشەکانی 66ی لەسەر دانان.

دوای دەرچوونی ئەو ژمارەیە لە پارتی، شۆڕش لە دوو بەرەیی و کێشە نێوخۆییەکان رزگارییبوو، پێشمەرگە کارامەتر، لە بەرامبەر دووژمندا راوەستا و دەیان زەبری کوشندەی لە جاش و چەکدارەکانی عێراقدا. لە ئاکامدا، رژێمی عێراق رازیبوو، ملبدات بۆ بەشێک لە داواکارییەکانی کورد . سەرکردایەتی شۆڕش و بارزانی لە 1970/3/11 لەگەڵ حیزبی بەعسی حاکمدا رێککەوت و پەیماننامەیەکیان مۆرکرد کە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا کورد بە مافی ئۆتۆنۆمی بگەن.

بەو رێککەوتنەی بارزانی و رژێمی عێراق، ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی گەڕانەوە لای بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد پەشیمانیی خۆی و هەڤاڵانی لە هاوکاریکردنی رژێمی عێراق دەربڕی. بارزانی بە دڵی فراوانەوە پێشوازی لە گەڕانەوەکەیان کرد. لە رەوتی ساڵی 1970 – 1975دا، کە گرووپی ئیبراهیم ئەحمەد گەڕابوونەوە، ئەمجارەیان هاوکات لەگەڵ پارتیبوونیان، لە نێو دڵی پارتیدا حیزبێکی مارکسیان بەنهێنی دامەزراند.

رژێمی عێراق لە رێککەوتنی 1970/3/11دا، ماوەی پێنج ساڵی بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە دانابوو، بەڵام لە رەوتی پێنج ساڵەکەدا بەرەبەرە لە بەڵێنەکانی پەشمانبووەوە و سەرئەنجام لەژێرەوە لەگەڵ شای ئێران رێککەوت و ساڵی 1975، لە جەزائیر سەدام حوسێن و محەممەد رەزا شا، رێککەوتن کە لەبەرامبەر بڕینی هاوکاری بە بارزانی و رێبەرانی شۆڕشی ئەیلول ، بەشێک لە ئاوی کەنداو و سنوورەکانی خاکی عێراق بەو ببەخشێت. بەوجۆرە شۆڕشی ئەیلولیش دوای چواردە ساڵ، بە خیانەتی شای ئێران کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وەستێندرا. بەڵام زۆری نەخایاند و ئەمجارەیان لەژێر ناوی شۆڕشی گوڵاندا، رۆژی 1976/5/26 سەری هەڵدایەوە کە دەستکەوتەکەی پێکهاتنی بەرەی کوردستان و راپەڕینی مانگی سێیەمی ساڵی 1991 و ئەزموونی ئێستایە لە باشووری کوردستان کە زیاتر لە 25 ساڵە، سەرەڕای دەیان کێشەی لاوەکی کە رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆی دروستدەکەن، کورد بۆخۆی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی کوردستان بەڕێوەدەبات. باسکردنی کێشەکانی نێوخۆیی کە بە پشتیوانی و دەستتێوەردانی رژێمە داگیرکەرەکان لە ئەزموونی ئێستای کوردستاندا بەڕێوە دەچێت، لەم وتارەدا ناگونجێت.

**ئەم وتارە رۆژی 2016/11/7 لەسەر داوای مامۆستا بەدرەددین ساڵح نووسراوە**

---


1- حەسەن ئەرفەع، کوردەکان-لێکۆڵینەوەکی مێژوویی و سیاسی، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، لاپەڕەکانی- 224 225.



مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەکاتی کەرنەڤاڵی گەورەی جەماوەری بانگەشەی گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان لە دهۆک- 2017/9/16



سەرۆککۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد، ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و هاوڕێ و هاوکارانیان لە چرکەساتی بڕیاری نەتەوەیی و نیشتیمانی بۆ دانانی بەردی بناخەی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کوردستان – 1946





مەهاباد پایتەختی کۆماری دیموکراتی کوردستان- 1946




# پێشمەرگە زریانی چیاکان...

## راپۆرتی رۆژنامەڤانی ئیگیل ئولاتییە 1975

## وەرگێڕان لە نۆرویژیەوە: بەدرەددین ساڵح





راپۆرتی رۆژنامەڤانی ئیگیل ئولاتییە کە لە بەهاری ساڵی 1975 لە شاری رواندز، گەلی عەلی بەگ، رایات، گەڵاڵە، دیلمان و حاجی ئۆمەران و ئۆردووگای پەنابەرانی کورد لە زێوەی رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەکراوە.

راپۆرتەکە جگە لەوەی خوارەوە دوو فیلمی دیکۆمێنتاری و زیاتر لە 500 وێنەی هەڵگرتووە کە دوای گەڕانەوەیان لە کوردستان ، لە رادیۆ و تەلەڤزیۆن و زۆربەی رۆژنامەکانی ئەوکاتی نۆرویژ بڵاوکراونەتەوە و بەجۆرێک کاریگەری زۆریان لەسەر کۆمەڵگەی نۆرویژی داناوە و وەک دەنگی ئازادیخوازی کورد بیستراوە.



ئێستا ئێمە لەشاری رواندزین ، کە بە دووری هەشت میل لە سنووری ئێستای وڵاتی ئێرانەوە دوورەو لەنێو سنووری ئێستای وڵاتی عێراقدایە .

بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لەپێنج هەزار کەسە، بەڵام لەکاتی ئاسایی لەهەموو ناوچەکانی عێراقدا خەڵک بۆ گەشت و سەیران روو لە ناوچەی رواندز دەکەن.

نەک تەنیا خەڵکی کوردستان و عێراق بەڵکو لە وڵاتانی دیکەی وەک کوێت خەڵک بۆ کات بەسەربردن لەو سرووشتەدا دێنە رواندز.

ئەم شارە پێنج هەزار کەسییە ئێستا لە شارێکی ترسناک زیاتر نییە .زۆربەی خەڵکی رواندز روویان لە ناوچەکانی دیکە کردووە بەهۆی ئەو شەڕ و وێرانی و بۆمبابارانەی لە ئارادایە.

هەروەها بەشێکی خەڵکی رواندز روویان لە وڵاتی ئێران کردووە وەک پەنابەر.

دوو مانگ پێش ئێستا کە شەڕ دەستی پێکردووە رواندز بووەتە سەنگەری پێشەوەی شەڕی نێوان شۆڕشی کورد و سوپای حکومەت . دەتوانین بڵێین سەنگەری پێشەوە تەنیا دوو کیلۆمەتر لە ناوەندی شارەوە دوورن.

رواندز بەردەوام لەلایەن فڕۆکە و تۆپخانەی رژێمەوە بۆمبارانکراوەو ئەمڕۆ من خۆم چەند جارێک بەچاوی خۆم بارانی تۆپ و فڕۆکەکانم بینی .

لەم شارە ئەم پیاوە بەتەمەنە و هەرسێ مندالّەکەی تاقە دانیشتووی رواندزن کە ئەمڕۆ بینیومانن لە شاردا ماون.

خێزانی ئەم پیاوە لە رۆژانی رابردوو بەسەختی برینداربووە، کاتێک شەڕێکی سەخت لەنێوان هەزاران سەربازی عێراقی و ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگەی کوردستان روویداوە.

ئێمە بە چاوی خۆمان توانا و دەسەڵاتی پێشمەرگەمان بەسەر شار شاخ و رێگەوبانی ئەو ناوچەیەدا بینی .

سەرلەشکری هێزی پێشمەرگە لەم شەڕانەدا کە ناوی عەبدوڵڵا پشدەرییە پشتڕاستیکردەوە کە هەموو ناوچەکە و جموجۆڵی دووژمن لەژێر چاودێری ورددان و لەسەر ئەم شاخەی نزیکمان سێ هەزار هێزی لەشکری دووژمن خۆیان لەبەر ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە ناگرن .

ئێمە لە نۆرویژەوە بە رێگەی چەندین وڵات تاوەکو ئێران و دواتر بە رێگەی تارانەوە بەرەو کوردستان هاتووین. لەم سەفەرە دوور و درێژەماندا کورد زۆر زیاتر لە خەلکی دیکە

ڕێنماییان کردین و هاوکاریان پێشکێشکردین ، بەتایبەت لە داپۆشینی ئۆتۆمبێلەکەمان بە قوڕ بۆ ئەوەی لەبۆمبابارانی فڕۆکە پارێزراوبین .

ئێمە لەوبارەوە هیچ ئەزموون و شارەزاییمان نەبوو .

کوردستان وڵاتێکی جوانە، بەڵام زۆر هەژارە بەهۆی حکومەتی ناوەندییەوە، بەڵام کوردستان جوانییەکەی بێ وێنەیە ، خۆڕسکە خوداپێداوە بەکێو و شاخی بەرزی زیاتر لە 4000 مەتر و دۆڵ و گەلی رازاوەو سەرچاوەی کانیاو و رووباری سازگار .

چەکدارە کوردەکان پێیاندەگوترێ پێشمەرگە، وشە و واتای پێشمەرگە واتە ئەوانەی رووبەڕووی مردن دەبنەوە، ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە کوردانەی کە پێیاندەگوترێ پێشمەرگە لەو ناوچەیە کۆبوونەتەوە کە بەدەست شۆڕشی ئازادیخوازی کوردەوەیە و هەشت لە سەدی خاکی باشووری کوردستان یان کوردستانی عێراق پێکدێنێت .

پێشمەرگەکان لەدەستەی بیست کەسیدا رێکخراون، ژن و منداڵەکانی کورد یان ئاوارەو دەربەدەری وڵاتی ئێرانن ، یان لە ئەشکەوت و کونەبەردی ئەم شاخانەدا خۆیان شاردووەتەوە. شاخ و دۆڵی کوردستان پڕە لە شوێنی بەوشێوەیە .

لەم ئەشکەوتەی نزیک گوندی رێزان زیاتر لە 75 کەس خۆیان پەناداوە. زیاتر لە دوو مانگە سەرما و شێداری و ترس لە بۆمباباران، ئەم ئەشکەوتەی کردووەتە ئارامترین جێگەی ئەم خەڵکە.

لەنێو ئاوارەکاندا لە ئەشکەوت و دەشت و دەردا چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر هەن و دەیان کەس بە تایبەت منداڵان و پیرەکان گیانیان لەدەستداوە.

لەم ئەشکەوت جێگایانەدا ژن و منداڵ خۆیان شاردووەتەوە ، هیوای زۆریان بە بارزانی سەرۆکیان و پێشمەرگە هەیە و چاوەڕوانن پیاوەکان لە شەڕەکانیان سەربکەون .

لە ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستانم پرسی ئایا ژنانی کوردیش دەکرێ شان بەشانی پیاوان بەشداری شەڕەکان بکەن .

پرسیار لە نوێنەری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێک لەو ژنە پیشمەرگانەی بڕیاریانداوە شانبەشانی پیاوانی کورد تاوەکو دوا هەناسە بەرگری لە کوردستان بکەن: ئێوە وەک ژنانی کورد چۆن دەتوانن بەشداری شۆڕش و شەڕی پارتیزانی بکەن ئایا وەک سەرکردایەتی پارتی مۆڵەتی ئەوەتان پێدراوە؟

وەڵام: بێگومان ئەم شەڕە شەڕی ژنانیشە. ئێمەی ئافرەتی کوردیش بەڕادەی پێویست لەم شەڕەدا بەشدارین.

پێمخۆشە بزانی دوێنێ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کودستان و مەکتەبی عەسکەری بڕیاریان دەرکرد کە ئێمەی ئافرەتانی شۆڕشگێڕی کورد دەتوانین شانبەشانی



پیاوانی کورد چەک هەڵبگرین و دژی داگیرکاری وڵاتەکەمان بەرگری لە خاک و خەڵکی کوردستان بکەین.

پێمخۆشە نموونەی ئەم کارەی ئافرەتی کوردتان پێ نیشانبدەم کە لەژێر بۆمبا و ئاگری دووژمندا خەریکی داهێنانین بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی بێ چەک و ژن و منداڵان.

ئەوە نموونەی ماسکێکی دەستکردی خۆپاراستنە لە گازی ژەهراوی و کیمیایی کە ئێمە هەزارانمان لێ دروستکردوون و بەسەر هاووڵاتیان و خەڵکی بێ چەک و پێشمەرگەدا بەخۆڕایی دابەشمان کردوون.

پێویستە ئاماژەی پێبدەم ئەم ماسکە بە هەرزانترین و سادەترین شێوە دروستکراوە ، بەڵام پێشوازییەکی باشی لێکراوەو لە چەند بۆمباران و رووداوێک کەڵکی باشی لێوەرگیراوە.

سەرکردایەتی و رێبەری شۆڕشی خەڵکی کوردستان لەلایەن سەرۆکێکی 71 ساڵییەوە

بەڕێوە دەبردرێت کە ناوی مســتەفا بارزانییە. ئەو لە هونەری پارتیزانی و ڕێبەریدا زۆر شارەزایە و دووژمنانی کەمتر بە تاکتیک و پلانەکانی دەزانن .

ئێمــە مۆڵەتی پرســیار لێکــردن و وێنەگرتنمان هەبوو، بــەڵام تۆمارکردنی دەنگی نا، چونکــە پێش دووســاڵ لە گفتوگۆیەکــی تۆمارکردنی دەنگیدا هەوڵی کوشــتنی درابوو. ڕژێمی بەغدا بەناوی دۆستایەتی و گفتوگۆ چەند پیاوێکی خۆی لەبەرگی پیاوانی ئاییندا ناردبوون بە نیازی کوشــتنی ڕێبەری کورد کە خۆشــبەختانە جگــە لە پڵنگی چیاکانی کوردستان مستەفا بارزانی ، هەموو پیاوانی ڕژێم دەستبەجێ لەو هەوڵەدا مردن.

مــن لە مســتەفا بارزانیم پرســی : حکومەتــی عێراق چەندین جار چەنــدان پەیمان و بەڵێنــی بە ئێوەو کورد داوە کە مافەکانتان پێشــێل نەکات، بــەڵام هیچ ئەنجامێکی لێ دروستنەبوو، ئێوە تاوەکو چەند متمانەتان بە بەغدا هەیە .

مســتەفا بارزانی: بەڵێ ئێمە ڕاهاتووین کە دووژمنەکانمان بێ بەڵێنن . ئێمە دەزانین ڕژێمی ئێستای دەسەڵاتدار، ڕژێمی بەعس، زۆر دووڕوو و دڕندەیە .

ئێمە دەزانین لەم شــەڕانەدا ئێمەی کورد زیانی زیاتر دەبینین، بەڵام دڵنیام ئاوات و ئامانجمان ڕەوان و ئاشتی و ئازادی بۆ گەل و وڵاتەکەمان بەدیدێنین .

ئەم شــەڕە شــەڕی ئــازادی و ســتاندنی مافە بــۆ گەلی کــورد، شــەڕی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکەمانە .

پرسیار: ئایا دەتانەوێ لەوبارودۆخە سەختەدا کە شۆڕشەکەتان تێیدایە دیسان هەوڵ بۆ وەدەستهێنانی مافی خۆتان بە ڕێگەی ئاشتیانە بدەن؟

مســتەفا بارزانی: بێگومان ئەوەی بۆ نەتەوەکەمان و وڵاتەکەمان دروست و باشە هەر ئــەوە دەکەیــن . کات زۆر لــە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە ، بەڵام دڵنیــام درەنگ یان زوو دەگەینە ئاواتەکەمان .





رواندز 1975

# ڕاپۆرت و فیلمی دیکۆمێنتاری ئیگیل ئولاتییە بە ناوی (سێ کچی کورد، ڤیان وەك نموونە 1975)


ئەمە یەکێکە لە چەندین کەمپی پەنابەرانی کورد، ئەم کەمپە دەکەوێتە نێو خاکی ئێران و نزیکی سنووری عێراقە .

جموجۆڵێکی زۆر لەم ناوچەیەدا هەیە، بەڵام هەست بە بێدەرەتانی و سەرلێشێواری خەڵکەکە دەکرێت .

درک بەوە دەکەیت کە کارەساتێک ڕوویداوە و هەزاران کورد دەبینی کە ئاوارەن و لێیانقەوماوە .

کورد لەنێو خاکی عێراقدا لەنێو شەڕێکی سەختدان و بۆمباباران شەو و ڕۆژ نازانێت و





بەردەوامە .

یەکێک لە ئاوارەکانی نێو ئەم کەمپە ناوی ڤیانە، ڤیان دوانزە ساڵە و خەڵکی کوردستانە، ئەم کچە هاوشێوەی دانیشتووانی دیکەی نێو ئەم کەمپە ژیانێکی سەختی هەیە.

ئامانجەکانی ژیانێکی سەخت بە ڕوونی دیارنین، چونکە وەرزەکەی نزیک بەهار و هاوینە. بەڵام کاتێک زستان دێت ئەم ناوچانە بەهۆی ئەوەی شاخاوین و کوێستانن، پڕ دەبن لە بەفر و سەرماوسۆڵە ، هەموو شتێک دادەپۆشێت .

ڤیان لەگەڵ ماڵباتەکەی لەژێر یەک خێوەتدا دەژیت ، بنەماڵەی ڤیان لە دایکێک کە ناوی مریەم و محەممەدی باوکی و حەوت خوشک و برایەک و داپیرەی پێکدێت . ڤیان واتە خۆشەویستی، بەڵام وەک لە بارودۆخی کورد و بنەماڵەکەی دەردەکەوێت ڤیان چێژ لە خۆشەویستی و خۆشییەکانی ژیان نابینێت.

ڤیان لەگەڵ خەون و خولیاکانی منداڵانەی خۆیدا دەژیت ، کە لەنێو ئەم کەمپەدا هیچیان بەدی نایێن.

ڤیان هەندێکجار لەم غەریبی و ئاوارەییەشدا خەون بە فڕۆکە جەنگییەکان و شەڕ و بۆمبابارانەوە دەبینێت .

ڤیان تاکە منداڵ نییە کە ئەم بارودۆخە دژوار و سەختەی بۆ هاتبێتە پێشەوە، بەڵکو هەزاران منداڵی بێنازی کورد دەبینی کە هەمان چارەنووس و ئازاریان هەیە.



ئێستا ئێمە لەو شوێنەی ڤیانین کە کەوتووەتە نێو جەرگەی شەڕەوە، ئەمە گوندی گەلاڵەیە، کە دەکەوێتە نێوان شاخە سەختەکان .

پێش شەڕ ژمارەی دانیشتووانی گەلاڵە ١٥٠٠٠ کەس بووە، بەڵام ئێستا گەلاڵە وەک شاری جنۆکەکانە ، دەتوانین بڵێین ئیت هیچ کەسێک لەم شارەدا نەماوە.

شەوانە چەند پێشمەرگەیەکی کورد لەنێو گەلاڵەدا پارێزگاری لە کەلوپەل و ماڵی هاوولاتیان دەکەن، کە بەهۆی شەڕەوە هەموو شتێکیان بەجێهێشتووە.

ئەم شەڕە زۆر جیاوازە. چونکە بەهۆی سەختی ناوچەکە و زۆری چەک و تەقەمەنی رژێم و کەمی ئیمکانیاتی پێشمەرگە زیاتر شەڕی پیاوەکانە . بۆیە ژن و منداڵەکان شار و گوندەکەیان بەجێهێشتووە و بەرەو شاخ و دۆڵ و ئەشکەوتەکان رایانکردووە. ژمارەیەکی زۆری ژن و منداڵیش رێگەیەکی دووریان بڕیوە و وڵاتیان بەجێهێشتوە.

کورد نەتەوەیەکی گەورە و کۆنی مێژوون، ئێستا ژمارەی کورد بە 20 ملیۆن مەزەندە دەکرێت، بەڵام وڵاتێکی سەربەخۆیان نییە، دانیشتووانی چیاکانی ئارارات لە تورکیا و بەشێک لە سووریا، سۆڤیەت و عێراق و ئێران کوردن .

لە عێراق زیاتر لە دوو ملیۆن و 500 هەزار کورد دەژین، چیاکانی کوردستان سەرچاوەی ئاوی رووباری دیجلە و فوراتن.

وڵاتێکی زۆر جوان و نەدیتراو بەسەدان گەلی رازاوە و تاڤگەی بەخرۆش و سەرچاوەی ئاوی پاک .

خەڵکی کوردستان زیاتر بە کشتوکاڵەوە خەریکن، چاندنی تووتن و پەتاتە و گەنم و دانەوێڵەکان کاری سەرەکییانە . زۆربەی خەڵکیش ئاژەڵیماڵیان هەیە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر رانەمەڕ دەبینیت.

کوردستان ئاوهەوای جۆراوجۆرە، بۆیە مەڕدارەکان زۆر بە ئاسانی بەپێی وەرزەکان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە کۆچ دەکەن، بەڵام ئێستا بەهۆی شەڕەوە ئاژەڵداری و کشتوکاڵکردن بەرەو نەمان دەچێت.

ڤیان پێش ئەوەی گەلاڵە بەجێبهێڵێت قوتابی بوو، هەروەها کاری ناوماڵیشی دەکرد و هاوکاری دایک و باوکی دەکرد .

ڤیان و خوشکەکانی لە قوتابخانە هاتوونەتەوە، ماندوو و برسین، دایک و داپیری شتێک دروستدەکەن کە ناوی خواردن یان چێشتە .



دوای ئــەوە کاری نێومالّــی ڤیــان دەســتپیدەکات، یەکێک لــە کارەکانی ئەوەیــە کە دەبێ بچێــت ئــاو بێنێ، بــەڵام ئاوهێنان لەکانیاو نا، بەڵکو لە شــوێنی یەکێک لە بۆمبەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی کە بەبێ نیشانە بەر ئەم دەشت و دەرە کەوتووە.

باوکــی ڤیــان لە شــوێنێکی لەم نزیکانــە کاری دەکرد، مانگانەی کارەکەیشــی 400 کرۆنی نەرویجی بووە، بەداخەوە هەرگیز ئەوەندە کارەی نەبووە تاوەکو پارەی پێویستی دەستبکەوێت و بە دروستی بژین . هەر بەو پارەیەی دەستیکەوتووە پێویستبووە هەموو پێداویستییەک بۆ خێزانێکی هەشت کەسی دابین بکات .

ژیانــی ئــەم خێزانە نموونەیەکە لە ژیانی هەزاران خێزانی دیکــە کە ژیان و گوزەرانیان زۆر لەم خێزانە سەختتر بووە.

دایکی ڤیان تەمەنی نزیکەی سی ساڵە، بەڵام هەشت منداڵی هەن. ڤیان بۆ خوێندن دەرگای ماڵــەوەی کردووەتــە تەختەڕەش، بۆ ئەوەی هەم خۆی وانەی لەســەر بخوێنێت هەم یارمەتی خوێندنی خوشک و براکانی بدات.

لەو ناوچانەی بەدەســت پێشــمەرگەوەن، هیچ پارەیەک بۆ چوونە قوتابخانە وەرناگیردرێت، بەڵام بەهۆی بارودۆخەکەوە، دەبێ خۆیان کتێب و دەفتەر بۆخۆیان بکڕن. باوکی ڤیان هەرگیز ئەو پارەیەی نەبووە پێداویستی بۆ خوێندنی منداڵەکانی بکڕێت .

ڤیــان قوتابــی گەورەتریــن قوتابخانەی گەلاڵە بــووە، لە پۆلی چوارەم ڤیــان هەرگیز کاتی ئــەوەی نەبــووە بچێتە دەرەوەی ماڵ و لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی یاری بکات. چونکە دەبوو ئاگای لە خوشک و برا بچووکەکانی بێت، بۆیە هەر ئەوان هاوڕێی منداڵیی ڤیان بوون .

ژیانــی خەڵکــی گەلاڵــە بەهــۆی بارودۆخــی ناوچەکــەوە، لەیەکدییەوە نزیکــە. بەڵام ئەو داهاتووەی کە لەپێشە رەنگە جیاوازبێ بۆ ژیانی ڤیان و بنەماڵەکەی .

لە شەوێکی مانگی سێدا بارانی بۆمب بەسەر کوردستاندا باری، ئەو بۆمبانە بەبێ جیاوازی بەسەر شار و گوند و سرووشت و مرۆڤ و گیاندارانداندا باری .

زۆر کــەس بوونــە قوربانــی و زۆر کەس ماڵ و ژیانیان لەدەســتدا. رۆژی دواتر کوردســتان راپەڕی و شەڕ دەستپێکردەوە، هەر پیاوێک، دەستی بە تفەنگ راگەیشتبێت بۆ بەرگریکردن لە وڵاتەکەی سەنگەری گرتووە، شاخ و دۆڵ و لووتکەکان هەموویان بوونە سەنگەر .

گەلاڵە ناکەوێتە سەنگەری پێشەوەی جەنگ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوورنەبووە لە شەڕ .

ئەو رۆژە ڤیان وەک هەموو رۆژەکانی دیکە بە حەز و پەلەکردنەوە چووەتە قوتابخانە، بەڵام بینیویەتی کە ئیتر چۆڵبووە و قوتابخانەیەک لە ئارادا نییە .

پۆلەکەی ڤیان چۆڵ، تەنیا وێنەکەی بارزانی بە هەڵواســراوی ماوەتەوە، کە هێمای خەبات و خوێندنە لای کورد .


فڕۆکەکانــی رژێم دەســتیان بە داباراندنی بۆمب کردووە بەســەر ژیــان لەم هەرێمەدا، پێش هەموویان بەسەر قوتابخانە و نەخۆشخانە و خانەی بەتەمەنەکان .

دەتوانــم بە بەڵگەوە بڵێم لەم شــەڕ و بۆمبارانکردنەدا گەورەترین فڕۆکەی جەنگی نوێترین بۆمبای وێرانکەری بەسەر هەژارترین خەڵکدا باراندووە .


ئــەم بۆمبانــەی بەکارهاتوون لەبەرئەوەی هەر کامیان چەند ســەت یان هەزاران کیلۆ بوون، گیاندارانیــش رزگاریــان نەبووە، ئەم بۆمبارانە کوردانی ناچــاری کۆچکردن کرد. لەم کۆچەدا هەســت بــەوە دەکرێت کە تەنیا منداڵ و ژن و بەتەمەنــەکان ناچارن بڕۆن و وڵات بەجێبێڵن، ئــەوە بەڕوونی دیارە کە پێشــمەرگە، یان راســتتر بڵێم پیاوانی کــورد چاونەترس و بوێرن و پارێزگاری لە وڵات دەکەن و بەجێیناهێڵن .

پرسیار لە ڤیان: چۆن بیر دەکەیتەوە؟

ڤیان: ژیانێکی زۆر ناخۆشــمان نییە وەک ترســی فڕۆکە و بۆمباران. دڵمان خۆشــە چونکە لێرە بێ ترس یاری دەکەین . دڵنیام شۆڕشــەکەمان ســەردەکەوێت و بە پشتیوانی پێشمەرگە و بارزانی دەگەڕێینەوە کوردستان .



عیزەت جەمیل تۆفیق– باوکی ڤیان



بنەماڵەی ڤیان بە تەنیا نین، هەر تەنیا ئەوان نین کارەساتیان بەسەرهاتووە، بە سەدان هەزار بنەماڵەی دیکەی کورد ئاوارەی دەشت و کێو و وڵاتان بوون.

لە چیاکانی کوردستان بەسەدان ئەشکەوت و کونەبەرد دەدۆزیتەوە کە بەسەدان خێزان و ژن و منداڵ تێیاندا خۆیان شاردووەتەوە ، ئەوان وێڕای بارانی بۆمب و گوللە، هێشتا ئامادەنین خاکی وڵاتیان بەجێبێڵن .

ڕۆژ و شەوانی منداڵان لەم ئەشکەوت و چۆڵەوانی و بگرە لەژێر خانوو و چادرەکانیشدا چاوەڕوانیبووە، کە ئەگەری هەیە لەهەر ساتێکدا بۆمبیان بەسەردا ببارێت.

بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخ، ئێمەش ناچار بووین وڵاتی کوردان بەجێبهێڵین .

شەپۆلی ئاوارەیی و دەربەدەری لە کوردستانەوە بەرەو ئێران ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبێت .

بنەماڵەی ڤیان هیچ چارەیەکی دیکەیان نەبووە جگە لە بەجێهێشتنی گەلاڵە . دوایین شەویان لە گەلاڵە هەموویان لەبەر هەیوان کۆبوونەتەوە، چونکە هەستیانکردووە ئەوە دوایین شەویانە لە گەلاڵە.

بەبێ ئەوەی مەبەستیان بێت هەرکامیان باسیان لە هیوا و حەز و ویستەکانی خۆیان دەکرد .

دوایین ڕۆژی ژیانی ڤیان لە گەلاڵە دوورنەبوو لە بۆمبا و مەترسی .

بەیانی ڕۆژی دواتر بنەماڵەی ڕەسوڵ بڕیایاندا شوێنی ژیانیان، گەلاڵە بەجێبهێڵن .

هەموو ئەندامانی خێزان، ژن و منداڵ هەریەکەو شتێکیان هەڵگرت و ڕوویان لە شەقام کرد و بەڕێکەوتن، بۆ ئەوەی گەلاڵە بەجێبێڵن . منداڵان نەیاندەزانی چیدەکەن، بەرەو کوێ دەڕۆن، چارەنووسیان چ دەبێت؟، بەڵام ڕۆیشتن دوایین بڕیاربوو. بچووکترین منداڵ پێیوابووە سواربوونی لۆری ڕۆژێکی زێڕینە لە ژیانی ئەودا، هەموو منداڵەکان خۆشحاڵبوون بەوەی سواری ئۆتۆمبێل دەبن، تەنیا دایک و باوکەکان نەبێ وەک ئەوەی بۆمبای خەمیان بەسەردا بارییبێت، ئەوان دەیانزانی دەردی ئاوارەبوون چییە.

ئەوانیش وەک دانیشتووانی دیکەی گەلاڵە و خەڵکی کوردستان زێدی خۆیان، گەلاڵەیان بەجێهێشت .

دایک و باوک وشکببوون و هیچ قسەیەکیان بەدەمدا نەدەهات، بەڵام بۆ منداڵەکان وەک ئەوەی بۆ سەیران بڕۆن و هیچ شتێک ڕووینەدابێ وابوو .

ئەم لۆرییە لە ڕێگەی چوونە دەرەوە لە وڵات، لە گوند و شارەکانی دیکەی سەر ڕێگە ئاوارەی زیاتر سوار دەکات .

لە شارۆچکەیەکی نزیک و هاوسێی گەلاڵەدا "چۆمان" هەر ڕۆژە و ڕێژنەیەک بارانی بۆمبا دادەکات ، بۆیە چەند کەس و بنەماڵەی دیکە سواری ئەو ئۆتۆمبێلە دەبن کە بنەماڵەی



ڤیانی تێدایە. لۆریەکە پڕبووە لە شمەک و مرۆڤ و بەرەو ئاوارەیی بەرەو سنوور دەبڕێت، کە پڕە لە کەند و دۆڵ و ڕێگەی پێچاوپێچ، ڕێگەبڕین بە لۆرییەکی کۆن و پڕ لە مرۆڤ مەترسی زۆری هەیە .

ئێستا ئێمە لە لووتکەی چیایەکی سەخت و بەفراوین کە سنووری نێوان عێراق و ئێران پێکدەهێنێ ، لە هەموو دەشت و دەرێکی سنوور لێشاوی خەڵک دەبینی کە ئاوارەبوون دوایین ڕێگەی چارەسەرییانە و بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەڕۆن . ئەو ئۆتۆمبێلەی بنەماڵەی ڤیانی تێدایە، یەکێک لەو هەزاران بنەماڵە کوردەیە کە لەوپەڕی بێدەرەتانی و تووڕەیی و ئازاردا لەسەر سنوورن و دەیانەوێ بپەڕنەوە. ئەوەی ئێمە بەچاوی خۆمان بینیمان زیاتر لە نیوەی کورد لەم شەڕ و شکستەدا بەجێهێشتنی ماڵ و حاڵ و وڵاتی خۆیان پێ لە ژێردەستەیی پەسندترە و ڕێگەی ئاوارەییان گرتووەتەبەر.

چەندین کاژێری پێویستە تاوەکو نۆرەیان دێت لە سنوور بپەڕنەوە، بۆیە ئێمەش ڕۆژێکی درێژ و سەختمان تێپەڕاند. دەبێ ئەوەش بزانین، کە چەندین کاژێری دیکەمان پێویستە تاوەکو دەگەینە شوێنی مەبەست.

ئۆتۆمبێلەکەمان وردە وردە لە شاخ و کێوەکانی کوردستان بەرەو دەشتاییەکانی خاکی ئێران تێدەپەڕین .

لەگەڵ ئەوەی کەشوهەوا ساردە، ڤیان و خوشک و براکانی و هاوشێوەکانیان ناچارن بیر لە سەرما نەکەنەوە. ئەوەندەی بیر لەو بۆمبارانە بکەنەوە کە شەوی ڕابردوو بەسەر شار و گوندەکانی کوردستاندا باریوە .

ئێستا ڤیان یەکێکە لە دانیشتووانی کەمپێکی پەنابەری گەورە. وردە وردە باڵا دەکات و ڕۆژەکانی دووبارەن، بەڵام هزر و بیری لای گەڵاڵە و شوێنی لەدایکبوونیەتی، ئێستا لەم ئۆردووگایە زیاتر لە پێنج هەزار پەنابەر لەم کەمپەدا دەژین، بەڵام ئەم ئاوارەییە تەنیا پشوویەکە بۆ باوکی ڤیان، پێویستە بگەڕێتەوە کوردستان و بەرگری لە وڵات بکات.





vermakten ble for stor trakk
rigerne hans seg opp i fjellene
våget å følge etter dem. Alle-
gangen drømte han om uav-
for kurderne. Han ville ska-
t rike.

### lange marsj

ar der da en kurdisk republikk
ttet i Iran i 1946 og da sjahen
n på en grusom måte, la Bar-
m Mao noen år før, ut på en
sj sammen med noen få menn.
førte ham til Sovjet hvor han
Stalin og ventet på sin time.
i 1958, da oberst Kassem
pp i Bagdad og drepte konge-
og statsministeren.
n lovet kurderne selvstyre,
lle herskere i Bagdad siden da
ssem brøt løftene sine, det har
ere i Bagdad siden da gjort.
anger har Barzani forhandlet
. Fire ganger har de sagt at nå
derne få styre seg selv i de
e hvor de utgjør flertallet.
vet hvor mange kurdere som
i kamp, myrdet i fengsler, tor-
er deportert siden da.
skjæret fra parafinlampen et
rdistan, mens bombeflyene
ndsbyer og hele Iraks krigs-
ar rettet mot folket hans, sa
– Denne gangen gir vi oss
nne gangen skal vi ikke for-

iller ingen rolle hvor store tap
åført, hvor store lidelser det
folket må bære. Vi er vant til
Vi undertegner ikke enda et
apir med Baath-regimet.
dde de var mennesker. Men de
seg som dyr, og vi vil ikke ha
øre med slike vesener.
r sett at de dreper uskyldige,
ett folket vårt på flukt. Men
ergas kjemper, og vi er på
n. Hadde vi bare hatt flere
ulle vi snart stått ved Bagdad.
amle krigeren er blitt tung i
ne, men han virker sterk og
ung på samme tid. Håret hans
og mørkt uten grå stenk under
, huden er brunbarket og
Jeg var født slik, sier han
Gud ville jeg skulle bli slik.
r annerledes. Det spiller ingen

lever et enkelt liv, andre lever i
Det spiller ingen rolle, de kom-
de går. Stalin, Roosevelt,
, Kennedy, Lenin, alle kom

ker ikke å snakke om seg selv.
grafien hans ville fått de fleste
l å virke som en søndagskole-

### jelp av alle

ir båret fram for oss av lan-
t: appelsiner, epler, små, safti-
er og mer søt te. Barzani leg-
frukten på skålen min, det er
el kurdisk måte å vise gjestfri-

r du noen fremmede makter
e dere til å få fred?
serne står bak denne krigen,
som forsyner regjeringen med
ersom de sluttet med det, kun-
forbryterne i Bagdad kjempe

i vender oss til alle for å få
trenger alt, som du selv har
renger proteiner og husly for
ene. Men mest av alt trenger
, slik at vi kan følge opp offen-

*Forts. side 53*



– Jeg gir meg aldri, sier han. – Du skjønner, jeg er ikke redd for å dø. Jeg er skapt av en gud, og han har gitt meg en viss tid...





**Å bombe kurderne «tilbake til steinalderen» er Bagdadregjeringens mål. Flyktningene må lære seg å leve som huleboere.**

Hver morgen våknet jeg og hørte elven fosse nede i dalen. Hver morgen trodde jeg det var fred, men freden var bare en drøm, for om natten hadde bomber drept mennesker i landsbyene omkring oss og i det gule morgenlyset dro menn i krig i landrovere, jeeper og gamle amerikanske biler.

Lenger utpå dagen så vi dem komme andre veien, noen for å hvile, andre for å få trukket ut kuler av kroppen. Og bakpå kamuflerte biler så jeg lemlestede menn på vei til sykehus i Iran.

Det var kamper hele tiden, jeg kunne ikke forstå det, menn dro i krigen om morgenen og noen kom ikke tilbake. Andre kom tilbake og sa: Vi drepte tredve, vi drepte femti.

Femti? Femti mennesker, fiender som disse krigerne foraktet fordi de aldri forsøkte å hente døde kamerater på slagmarken.

Jeg kunne ikke forstå det, de første dagene. Skuddsalvene og artilleri-ilden jeg hørte over de vide grønne jordene ved Rawandaz da Pesh Mergas rykket fram for å ta en iraksk post, alarmene som gikk stadig vekk og røyken som langsomt steg mot himmelen, alt var som i et teater.

Helt til jeg så mennene med blodige bandasjer og så kvinner sitte og gråte over barn som bombene hadde sprengt i stykker.

Jeg var redd, av og til var jeg livende redd når jeg satt nede i trange hull sammen med mødre som skjermet barna sine i fanget og klynket lavt når marken skalv og den tørre jorden dryset over ansiktene våre.

Det var krig, og det virket som om den kom nærmere og nærmere. Når jeg ikke var redd, syntes jeg stundom at krigen hadde et romantisk skjær over seg. Det syntes aldri menneskene som forsøkte å overleve mellom fjellene. Hvordan var krigen for dem?

I en landsby som klamrer seg fast til en bratt ås, som stiger og stiger til den når snøfjellet og himmelen som nesten alltid er blå, bodde en jente som heter Viyan.

Hun bor der ikke mer. Viyan betyr kjærlighet på kurdisk, men i landsbyen Galala som er omgitt av tobakksåkre og stillhet, finnes det hverken mye folk eller kjærlighet lenger.

Viyan er tolv år og pen som de fleste kurdiske jentene, men hun er ikke som før. For bare noen uker siden, da alt var annerledes i Galala, var Viyan et harmonisk og intelligent barn, som gikk på den store skolen midt i byen og drømte om å bli lege, og om kveldene lærte hun og noen andre jenter å danse kurdiske folkedanser.

Den dagen vi klatret oppover de bratte gatene i Galala sto skolen tom, hovedgaten lå øde, de små butikkene og tehusene var stengt, det lekte ingen barn i gatene. Og Viyan fant ...

*Forts. fra side 12.*
kjører ut av dalen og opp i fjellene, måtte han være med dere på den lange, smertefulle veien til Spigerverket og Grand.

Slik kan en tenke om morgenen, ut på dagen blir det for varmt til å tenke på annet en kald drikke. Resten av tiden bruker en til å forbanne medtrafikantene som blir verre jo lengre øst en kommer. Morsomst er det å kjøre om natten. Da er det som å møte en karavane av juletrær.

God underholdning gir det også å studere vrakene langs veien. Noen er svært ferske, hver dag ser vi blodmerker i grusen eller på asfalten. Om natten blir også ulykkene mer romantiske. Et sted i Iran passerer vi en gutt og en gammel mann som sitter og varmer seg på restene av lastebilen sin som ble til vrak. De sitter midt i et hav av knuste tomater som gjør det vanskelig å se blodmerker.

Det verste landet å kjøre i er Tyrkia, tett fulgt av Iran. Også Afganistan ville kommet høyt opp dersom det hadde hatt råd til å kjøpe flere biler.

